Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.11

# بنەما و ئەرکەکانی دەوڵەت لەدیدی زاناکانی ئیسلامدا لەنێوان سەدەکانی (٤-٧ک/١٠-١٣ز)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Muhammed Tahssen Hussein
muhammed.hussein@su.edu.krd

RECEIVED :21 /09/2025
ACCEPTED :04/01/ 2026
PUBLISHED :15/04/ 2026

**محمد تحسين حسين** /بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق
**ئاکۆ بورهان محمد**/ بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

لە سەدەکانی چوارەم تا حەوتەمی کۆچی (سەدەی ١٠-١٣ی زایینی) زانایانی ئیسلامی جەختیان لەوە دەکردەوە کە پرەنسیپی بنەڕەتی دەوڵەت بریتییە لە گەیشتن بە دادپەروەری و جێبەجێکردنی یاسای شەریعەت و خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان. ئەرکەکانی دەوڵەت لەلای بیرمەندانی ئیسلامی لەم ماوەیەدا بریتین لە: پاراستنی دین، جێبەجێکردنی سزای دیاریکراو (الحدود و القصاص)، کۆکردنەوە و دابەشکردنی زەکات ، پاراستنی ئاسایش، ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەری، و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک پەروەردە و هاوکاری. ئەمەش لەسەر بنەمای بنەڕەتی وەک ڕاوێژکاری (شورا) دامەزراوە. چونکە بە بڕوای بیرمەندانی موسڵمان، دەوڵەتی ئیسلامی بەرجەستەی پێویستییەکی یاسایی و مەدەنی بوو بۆ هەم پاراستنی ئایین و هەمیش بۆ ژیانی دونیایی،

لەلای بیرمەندانی ئیسلامییەوە بنەما بنەڕەتییەکانی دەوڵەت بریتین لە دادپەروەری و یەکسانی کە بناغەی حوکمڕانییە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، ڕەتکردنەوەی نادادپەروەری و ستەمکاری، دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی مافەکان بۆ هەمووان، هەروەها ڕاوێژ (شورا) بنەمایەکی بنەڕەتییە لە بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان لە ڕێگەی ڕاوێژ لە نێوان کەسانی دەسەڵاتدار و نفوز، جگەلەوەی ئەرکێکی تری دەوڵەت بریتیە لە دروستکردنی پردی هاوکاری لەگەڵ ئەوانی تر، ڕەتکردنەوەی خێڵەکی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، لەهەمانکاتدا دەوڵەت بەرپرسیارە لە بڵاوکردنەوەی مەعریفە و پەروەردەکردنی خەڵک و ڕەچاوکردنی ئەرکە ئایینییەکان، لەم ماوەیەدا لەلای بیرمەندانی ئیسلامی پاراستنی ئاسایش و ڕێکخستنی سیستەمی ئابووری بە ئەرکێکی گرنگی دەوڵەت دانراوە.

لەم قۆناغەدا دەوڵەت تەنیا قەوارەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو پێویستییەکی ئایینی و مەدەنی بوو کە ئامانجی دەستەبەرکردنی دامەزراندنی ئایین و ڕێکخستنی ژیانی میللەت و بەرجەستەکردنی بەهاکانی دادپەروەری و ڕاوێژکاری و دابینکردنی ئامرازەکانی پەروەردە و بژێوی هاوولاتیان بوو. هەر ئەمەش وایکرد بیرمەندانی سیاسی ئیسلامی لەم ماوەیەدا گرنگی بە دەوڵەت و ئەرکەکانی بدەن.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە دەرخستنی چۆنیەتی بەڕیوەبردنی دەوڵەت لەلای زاناکانی ئیسلام و شێوازەکانی ئیدارەدانی دەوڵەت. هەروەها مەبەست لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەدا بریتیە لە دەرخستنی ئەرکەکانی دەوڵەت بەرانبەر بە کۆمەڵگا و خەڵکانی ژێردەستی.

وشە سەرەکییەکان:
دەوڵەت
ئەرکەکان
دادوەری
ئیسلام
پەروەردە

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ئەم توێژێژینەوەیە بریتیە لە (بنەما و ئەرکەکانی دەوڵەت لەدیدی زاناکانی ئیسلامدا لەنێوان سەدەکانی "٤-٧ک/١٠-١٣ز")، کە تیایدا باس لە چەمکی دەوڵەت و چۆنیەتی دەوڵەتداری لەدیدی زاناکانی ئیسلامدا کراوە؛ هەروەها ئەم بنەمایانە باسکراوە کە دەبێ لەکاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا دەبێ بوونی هەبێ.

ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی بنەما و ئەرکەکانی دەوڵەت لەدیدی زاناکانی ئیسلامدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت بەراووردێکی وورد ئەنجام بدرێت، لەنێوان چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئەرکەکانی بەگوێرەی بیروباوەڕی زاناکانی ئیسلام و ئەو دەوڵەتانەی بەناوی ئیسلامەوە حوکمیان کردووە و ئێستاش هەر بەو ناو و دروشمە حوکم دەکەن.

جیاوازی ئەم توێژینەوەی ئێمە بریتیە لەوەی کە بۆ ساغکردنەوەی بابەتەکان پیشت بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی نزیک لەبابەتەکە بەستراوە و توانراوە هەموو ئەو بنەمایانەی کە تایبەتە بەدەوڵەت و ئەرکەکانی لەدیدی زاناکانی ئیسلامدا کۆکراوەتەوە و ئاماژەی پێکراوە.

سەبارەت بە پلانی توێژینەوەکە بریتیە لە پوختە، پێشەکی و سێ تەوەرەکی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، کە بەم شێوەی خوارەوە دەتوانین پوختی بکەینەوە:

لە تەوەرەی یەکەمدا جەخت لەسەر زاراوە و چەمکی دەوڵەت و ناساندنی دەوڵەت کراوەتەوە.

لەتەوەرەی دووەمی توێژینەوەکەمان باس لە ڕەهەند و بنەماکانی دەوڵەت کراوە، کە ئەوانیش بریتین لە (گەل و خاک و دەسەڵات)، بەبێ بوونی ئەمانە دەوڵەت دروست نابێت.

تەوەرەی سێیەم و کۆتا تەوەرەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە باسکردنی دەوڵەت و ئەرکەکانە دەوڵەت و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بەگوێرەی بیروباوەڕەی زاناکانی ئیسلام؛ کەتیایدا باسە لە دەوڵەت و پرسەکانی تایبەت بە ئەرکەکانی دەوڵەت خراوەتەڕوو.

بنەماکانی ئەم توێژینەوەیە لەسەر چەندین سەچاوەی ڕەسەن و ژێدەری ئەکادیمی بەزمانە جیا جیا وەستاوە، کە لێرەدا ناتوانین تەواوی سەرچاوەکان ئاماژە پێبکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین گرنگترین سەرچاوەکان ئاماژە پێبکەین و تەواوی سەرچاوەکانی تریش لەکۆتایدا و لەلیستی سەرچاوەکان جێگیرکراوەن.

- الفارابی (م:٣٣٩ک/٩٥٠ز) السیاسة المدینة: یەکێکە لە پەرتووکە بەناوبانگەکانی "الفارابی" کە زۆر بەووردی کەوتۆتە باسکردنی بنەماکانی دەوڵەت و سیاسەتی دەوڵەت، هەروەها بەدرێژی باسی لە ئەرکەکانی دەوڵەت کردووە و هەڵساوە بەدەستنیشانکردنی گرنگترین بنەماکانی بەڕێوەبردن؛ هەروەها پەرتووکێکی تری هەیە بەناوی (المدینة الفاضلة) شاری فازیلە، هەرچەندە "فارابی" لەو پەرتووکەیدا زۆر بەڕووی باسی لە دەوڵەت و ئەرکەکانی دەوڵەت کردووە، بەڵام "فارابی" بەشێوەیەکی خەیاڵی باسی لەم دەوڵەتە کردووە.

- الماوردی (م:٤٥٠ک/١٠٥٨ز): الاحکام السلطانیة: یەکێکە لە پەرتووکە گرنگەکانی هزری سیاسی ئیسلام و لە بواری فەلسەفەی سیاسی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە بەووردی چۆتە نێو کرۆکی بابەتەکانی سیاسەت و پرسەکانی تایبەت بە فەلسەفەی بەڕێوبردن و دەوڵەتی تیادا بە سەرجەم بنەما و ئەرکەکانی دەوڵەت خراوەتەڕوو.

### ١- ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

#### ١-١- کێشەی توێژینەوەکە:

گومانی تیادا نییە هەر توێژینەوەیەک ئەنجامدەدرێت، دەبێت کێشەیەک بوونی هەبێت تاوەکو بەشوێن چارەسەری ئەم کێشەیەدا بگەڕێت و بتوانێت چارەسەری بکات، دیارە دەوڵەت و ئەرکی دەوڵەت لە دیدی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆتە پرسێکی سەرەکی و جیاوازی زۆر لە نێوان بیرمەندان سەبارەت بە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بنەماکانی دەوڵەت هاتۆتە کایەوە، لەم توێژینەوەیەشدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی شیکاری هزری سیاسی بابەتەکان بخرێتەڕوو.

**١-٢- گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەرخستنی بنەما و ئەرکەکانی دەوڵەت لەلای بیرمەندانی هزری سیاسی ئیسلامی، هەروەها دەرخستنی ئەو پرەنسیپانی کە زاناکانی ئیسلامی لە مەڕ دەوڵەت و ئەرکەکانی دەوڵەت خستوویانەتەڕوو، ئەوەش بەرچاو روونییەک دەدا بۆ دەرخستنی بنەماکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی لەنێوان سەدەکات (٤-٧ک/ ١٠-١٣ز).

**١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە:**

هەرتوێژینەوەیەکی زانستی چەند ئامانجێکی تایبەتی هەیە، کە گەیشتنە بە پڕکردنەوەی ئەو بۆ شاییەی لەم بوارەدا لەلایەن توێژەر هەستی پێکراوە، بۆیە توێژەر هەوڵدەدات لە میانەی توێژینەوەکەدا بەتەواوی ئەنجامەکان بگات، ئەویش لەناوەڕۆک و ڕوخسار و لایەنی میتۆدی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت.

ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە برینین لەم چەند خاڵەی خواروە

ا – ناساندنی دەوڵەت لەدیدی زاناکانی ئیسلامی

ب- بنەما و ئەرکەکانی دەوڵەت لەدیدی بیرمەندانی هزری سیاسی ئیسلامی لە نێوان سەدەکان (٤-٧ک/١٠-١٣ز)، کە ئەو ماوەیە بە قۆناغێکی ئاڵۆز دادەنرێت لە مێژووی ئیسلامیدا.

**٢- سنووری بابەتی توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستن و شیکردنەوەی بنەماکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی لە دیدی زاناکانی ئیسلامی لە نێوان سەدەکانی (٤-٧ک/ ١٠-١٣ز).

**٣-میتۆدی زانستی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی توێژینەکەمان بریتیە لە پشت بەستن بەسەرچاوە رەسەنەکان و لاوەکییەکان، خستنەڕووی پرسەکانی تایبەت بە دەوڵەت و ئەرکەکانی و ئەنجامدانی شیکردنەوەی سیاسی بۆیان.

**٤- ناساندنی چەمکی دەوڵەت**

توێژینەوەکەی ئێمە بریتیە لە دەوڵەت و ئەرکەکانی دەوڵەت لەدیدی زاناکانی ئیسلامی، بۆیە بەپێویستی دەزانین دەوڵەت لە رووی واتا و زاراوەکەیەوە شیبکەینەوە و ناساندن بۆ وشەی دەوڵەت بکەین.

لەسەرەتاشدا پێویستە دەوڵەت لە ڕووی زاراوە و واتاکەیەوە ئاماژە پێبکەین، لەم رووەشەوە دەبینین لەزمانە جیاوازەکاندا بەجیاوازییەکی زۆرەوە ئاماژە بەزاراوە و واتاکەی دەوڵەت دراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە دەربارەی تەنها زاناکانی ئیسلامییە، لەڕووی زامانی عەرەبی باس لە واتا و زاراوەی دەوڵەت کراوە.

وشەی دەوڵەت لەزمانی عەرەبیدا لەلایەن چەندین کەسایەتی بەناوبانگی شارەزای زمانەوانی عەرەبی وەک "الجواهري، الفيروزأبادي و ابن المنظور" ناساندنی بۆکراوە.

بەگەڕانەوەشمان بۆ فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی دەبینین وشەی دەوڵەت (دول)، لەپیتەکانی (دال)، (واو) و (لام)، وەرگیردراوە و چەندین لێکدانەوە بۆ واتاکەی کراوە لەوانە: دەگوترێت وشەی (دول) لەگەڵ بوونی (ضم)ە، **(دُّول)،** بەواتای پێچەوانەبوونەوەی کات(هەڵگەڕانەوەی کات) دێت، لەگەڵ بوونی (فتح)ە، **(دَّوْل)،** بەواتای شەڕ هاتووە، هەروەها لەگەڵ (ضم) لەژیانی دوایی مردن و فتحکردن لەدونیادا، جگەلەوەش دەوڵەت (دول)، بەواتایی بەرهەم، شەشەقە (الشقشقة)، شتێکی وەک موزایەدە (زیادەڕەوی) هاتووە (الجوهري: ٢٠٠٩، ص٣٩٤).

لەزمانی عەرەبیدا بەدەرلەمانەی باسکرا واتا سەرەکییەکەی وشەی دەوڵەت (دول) بریتیە لە (شەڕ و ماڵ)، وەک لەشەڕدا کاتێک گرووپێک بەسەر گرووپێکی تردا سەردەکەون دەڵێن دەوڵەتێکمان بەسەریاندا هەبوو. هەروەها گوتراوە وشەی دەوڵەت بە (ضم)، (الدولة بالضم)، بەواتای ماڵ دێ، لەگەڵ بوونی (الفتحة)، لەسەر پیتی (دال)، بەواتای شەڕ و جەنگ دێ (الجوهري: ٢٠٠٩، ص٣٩٤؛ الفيروز ابادي: ١٩٨٩، ١٠٠).

دەوڵەت لەزمانی عەرەبیدا لەواتایەکی تریدا بریتیە لە گۆڕانکاری و زاڵبوون و بەدەستهێنانی سەرکەوتن، لەدوای تێپەڕینی وشەی دەوڵەت بەچەند قۆناغێکدا واتاکەی گۆڕاوە بۆ قۆناغی گۆڕان و خولانەوی دەستی هێز، قۆناغی بەردەوامی سەروەری هێز، دواقۆناغیش بریتیە لە قۆناغی دامەزراوەیەکی هێزی سیاسی.-Davudoğlu:1994, cilt.9, s.s. 234) (235 کەئەوانەش کۆمەڵێک دامەزراوەی تایبەتن و دەسەڵاتی دیاریکردنی ئەو رێسایانەیان هەیە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن. ( Marshall:1999, s. 145).

چەمکی دەوڵەت یەکێک لەم چەمکانەی بەدەگمەن لە قورئان و فەرموودەدا ئاماژەی پێکراوە، لەهەمانکاتدا لەبەرانبەر چەمکی دەوڵەتدا چەندین چەمکی تری سیاسی بەکارهاتووە، وەک:( سلطان، ولاية الامر، خيلافة، الملك، الامة، دارالاسلام و دارالكفر...هتد) (منجود و الاخرون::١٩٩٦، ص٦٧)، هەرچی خودی زاراوەی دەوڵەتیشە (الدولة)، لەقورئانی پیرۆزدا تەنها لەدوو شوێندا ناوی هاتووە، یەکەم لەسورەی "ال عمران"، دووەم لە سورەتی "الحشر"، ئەوەی جێگای سەرنجە وشەی دەوڵەت (الدولة)، لەهیچ یەک لەم سورەتانەدا بەواتا سەردەمییەکەی ئێستا نەهاتووە، مەگەر لێکدانەوەی دوور بۆ تەفسیرەکەی بکرێت.

یەکەم: لەئایەتی یەکەم و لەسورەتی "ال عمران" وشەی دەوڵەت وەک کارێک بۆکاتی ئێستا بەکارهاتووە، وەک خودای گەورە فەموویەتی **{وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ}( سورة ال عمران، الاية ١٤٠)**، ئەوەی روونە بەگەڕانەوەمان بۆ راڤەی زانایانی موفەسیر لەم ئایەتەدا بەدیاردەکەوێت وشەی دەوڵەت جگەلەوەرگرتنی مانا زمانەوانییەکەی رەهەندە سیاسییەکەی ئێستای دەوڵەتی وەرنەگرتووە، مەگەر لەدوای گەڕانەوە بۆ تەفسیرەکان و شیکردنەوەی وورد بگەین بەڕەهەندە سیاسییەکەی ئێستا.

موفەسیری بەناوبانگ "طبری"، لەتەفسیری ئایەتەکەدا دەفەرمووێت:( " **نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ**" واتا ئێمە رۆژەکان لەنێو خەڵکدا دەسوڕێنینەوە، بەواتایەکی تر گۆڕینەوەی رۆژەکانە لەنێوان خەڵکدا، مەبەستیش لەخەڵک بریتیە لە مسوڵمانان و بێباوەڕەکان (موشریکەکان)، دیارە مەبەستیش لە گۆڕینی رۆژەکان بریتیە لە رۆژانی (بەدر و ئوحود)، کە لەڕۆژی بەدردا مسوڵمانەکان بەسەر بێباوەڕەکاندا سەرکەوتن و لەڕۆژی ئوحودیشدا بێباوەڕەکان بەسەر مسوڵمانەکاندا سەرکەوتن) (١٩٩٤، مج٢، ص٣٣٤).

دووەم: لەئایەتی دووەمدا وشەی (دولة) دەوڵەتی تیادا هاتووە، خودای گەورە لەسورەتی "الحشر"دا، فەرموویەتی: **{ كَيْ لا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ}( سورة الحشر، الاية٦)**، واتای ئەم ئایەتە بریتیە لە( غەنیمەتەکان لەنێوان دەوڵەمەندەکاندا لەدەستێکەوە بۆ دەستێکی تر ئاڵووگۆڕ دەکرێت و دەیانخولێنێتەوە و دەیانگوازێتەوە). قورئانی پیرۆزیش ئەم کردارەی قەدەغەکردووە.

"طبری" لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێت:(بڕیارماندا لەم کەل و پەل و سامانانەی کە خەڵکی گوندەکان بەپێغەمبەرییان بەخشیوە، دابەشبکرێت بەسەر ئەم کەسانەی کە شایەنییانە و ئەوانەی مافی غەنیمەتیان هەیە، تاوەکو ئەوغەنیمەتە نەبیتە شتێک دەوڵەمەندەکان تەنها لەنێوان خۆیاندا ئاڵووگۆڕی بکەن. بەهەرجۆرێک کە خۆیان وویستوویانە و لەبەرژەوەندی خۆیان خەرجی دەکەن؛ لەبەرئەوە ئێمە یاساو رێسای جێگرو نەگۆڕمان بۆ ئەم بابەتە داناوە و ناگۆڕێت و گۆڕانیشی بەسەردانایەت) (١٩٩٤، ج٧، ص-ص٢٥٧-٢٥٨).

بەشێوەیەکی گشتی لەبری وشەی دەوڵەت (دولة) لەقورئان و فەرموودە و فیکری ئیسلامی سیاسیدا وشەی (دار، الدار) بەکارهاتووە، کە هەمان واتای دەوڵەتی هەیە، هەروەها لەدیدی ئیسلامیدا بۆ دووبەش دابەش دەبێت، ئەوانیش بریتین لە (دارالاسلام و دارالكفر یاخوددارالحرب، دارالسلام). دارالاسلام ئەو دەوڵەتەیە کەحوکمڕانییەکەی تیایدا لەدەستی سەرکردەی مسوڵمانانە و بەبنەما و ئەحکامەکانی ئیسلام حوکمڕانی تیایدا بەڕێوەدەچێت و دەوڵەتی ئایینی مسوڵمانانیش هەمان ئەو (دارالسلامة)یە(بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: التهري: ٢٠٠٩، ص-ص٢٠-١١٥).

سەبارەت بە ناساندنی دەوڵەت لەلای زاناکانی ئیسلامی، ئەمە جگەلەوەی لەلایەن ئەو زانایانەی لە توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێداون بەڵام لێرەدا بەپێویستی دەزانین ناساندنی دەوڵەت لەلای هەریەکە لە "فارابی و ابن خلدون" بخەینەڕوو.

"فارابی" لە ناساندن و باسکردنی دەوڵەت هاوشێوەی جەستەی مرۆڤی چواندووە. چۆن جەستە لە بەشە جیاوازەکان و سنووردارەکان پێکهاتووە، هەندێکیان باش و هەندێکیان خراپ، لەتەنیشت یەکتر و بەرێزبەندی و پلەبەندییەکی رێکخراو، کە هەر یەکێکیان کردارێکی دیاریکراو ئەنجامدەدات. بەچەشنی کردارەکانیشیان کۆبوونەتەوە بۆئەوەی لەتەواوکردنی ئامانجی جەستەی مرۆڤ هاوکاری یەکتر بن (١٤٠٥هـ ص-ص٤٦-٤٧).

بەگشتی دەوڵەت لەلای "ابن خلدون" بریتییە لە سنوورێکی سیاسی هەرجارە و بەجۆرێک کۆتایی پێدێت( ابن خلدون: ٢٠٠٤، ج١، ص-ص١٣٣-٢٤٣) لەبەر ئەوە دەبینین بەبڕوای ناوبراو دەوڵەتێکی خاوەن سیادەیەکی هەمیشەیی و جێگیر بوونی نیە، بەڵکو بەردەوام لەگۆڕان و نوێبوونەوە و رووخان دایە، ئەوەش دیاردەیەکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە کە بەهیچ شێوەیەک جێگیری و وەستاوی نیە. هەروەک گوتوویەتی:(دۆخی جیهان و گەلان و داب و نەریت و مەزهەبەکانیان بەیەک خێرایی و میتۆدی سەقامگیری نامێننەوە؛ بەڵکو بەتێپەڕبوونی کات سەردەمەکان دەگۆڕێن و لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگوازرێتەوە و دەگۆڕێن، هەروەکو چۆن مرۆڤەکان و شار و سەرزەمین و وڵاتان و سەردەمە دوورودرێژەکان دەگۆڕدرێن) (٢٠٠٤، ج١، ص-ص١١٥-١١٧).

لەسەدەکانی ناوەراستدا وشەی دەوڵەت لە لایەن نوسەرانی مێژووی ئیسلامی بەکارهاتووە، ئەگەر سەیری پەرتووکەکەی "واقدی" (فتوح الشام) بکەین، دەبینین لە لاپەڕە (٢٩٥) بەشی یەکەمی پەرتووکەکەی وشەی (دولة هرقل)ی بەکارهێناوە(١٩٩٧، ج١، ص٢٩٥)، هەروەها لەلاپەرە (٦٨) بەشی دووەمدا وشەی (دولة الروم) بەکارهێناوە. کە ئەم وشانەش ئاماژەن بۆ واتا مۆدێرنەکەی دەوڵەت و قەوارە سیاسییەکەی.

لەپاڵ ئەوەشدا دەبینین یەکەم پەرتووک دەربارەی دەوڵەتی عەباسی نوسراوە، کە نوسەرەکەی دیار نیە ناوی (أخبار الدولة العباسية وفيه أخبار العباس وولده)ی بۆ پەرتووکەکەی بەکارهێناوە، هەرچەندەی موحەقیقەکانی ئەم پەرتووکە لە پێشەکیەکەیدا روونکردنەوەیان لەسەر ئەوەداوە کە وشەی دەوڵەت لەم ناونیشانەدا بەمانا مۆدێرنەکەی بەکارنەهاتووە بەڵکو بەواتای بانگەوازی عەباسییەکان هاتووە (مؤلف مجهول: دت، ص١١).

**٥- بنەماکانی دەوڵەت:**

دەوڵەت قەوارەیەکە خاوەن سروشتێکی سیاسی و یاساییە، وەک لەپێناسەکان بۆمان بەدیارکەوت دەوڵەت بریتیە لە دانیشتوانێکی هەمیشەیی و خاکێکی دیاریکرا و یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ، خاوەنی حکومەتێکی کارایە و توانای دروستکردنی پەیوەندەی نێودەوڵەتی هەیە. جائەو پەیوەندییە چ ئاشتی بێت یاخود پەیوەندییەکی جەنگی بێت، لێرەشدا بۆمان روونعەبێتەوە دەوڵەت خاوەنی سێ پایەی سەرەکی (گەڵ و خاک و دەسەڵات)ە.

**٥-١- نەتەوە، گەل ( ألامة، الشعب):**

گەل بریتیە لە کۆمەڵێک تاک لەهەردوو رەگەز، کە بۆهەمیشە لە خاکێکی دیاریکراودا نیشتەجێن و ملکەچی دەسەڵاتێکی دیاریکراون و پابەندن بەپاراستنی ئەم دەسەڵاتە(الماوردی: ١٩٨٩، ص-ص١٢٦-١٢٩؛ البارز: ٢٠٠٦، ص٢٢). هەرسەبارەت بە گەل "ستالین" لەڕوانگەی مارکسییەتەوە پێناسەی دەکات و دەڵێت:((گەل لەکۆمەڵە کەسێکی جێگیر پێکهاتووە، مێژوو دروستی کردووە و پێکی هێناوە، بەپشت بەستتن بەزمان و ژیانی ئابووری و پێکهاتەی دەروونی کە ئەمانە لەژێری و رۆشنبیری ئەم کۆمەڵەدا دەردەکەوێت)) (Stalineol L.: 1953, p.p. 33, 315–316).

بەڵام زاراوەی نەتەوە لە زاراوەی گەل جیاوازە و پێناسەی باوی نەتەوەش بریتیە لە( کۆمەڵە مرۆڤێکی سروشتییە لەسەر یەک خاک و یەک بنەچە و یەک زمان دروست بووە، بەشێوەیەکی تەواو یەککگرتوو کارلێک لەژیان و هۆشیاری کۆمەڵایەتی یەکتر دەکەن). (الفارابی: ١٩٩٨، ص- ص٦٩-٧٠؛ العريني واخرون: د.ت)، ص٢٨١).

لەبەرئەوە دەبینین گەل و نەتەوە بەتوخمی یەکەم و بنەڕەتی پێکهاتەی دەوڵەت دادەنرێت، وانازانرێت دەوڵەتێک بوونی هەبێت و بەدابڕان لەتوخمە مرۆییەکەی پێکهێنرابێت. لەدامەزراندنی دەوڵەتیشدا پێویست ناکات ژمارەی خەڵکەکەی بگات بەئاستێکی دیاریکراو. (الفارابی: ١٩٩٨، ص- ص٦٩؛ البارز: ٢٠٠٦، ص٢٢).

**٥-٢- هەرێم (خاک)، الاقليم:**

دەوڵەت لەناوچەیەکی ئاوەدانی سەر گۆی زەوی دروست دەبێت، کەلەزانستی جوگرافیای سیاسی ئەکیومن (Ecumene)[٢]ی، پێدەگوترێت، کە ئەو بەشەی زەوییە کە چڕییەک و ئاوەدانییەکی زۆری تێدایە.

لەدروست بوونی دەوڵەتدا پێویست ناکات خاکەکە یەک پارچە بێت، تەنها ئەوەی گرنگە سنوورێک دیاریبکرێت کە لەخاکی وڵاتانی تر جیای بکاتەوە. جا ئەو سنووره سروشتی بن وەک (شاخ، دەریا و رووبارەکان)، یاخود سنووری ناسروشتی بن، کەئەوەش ئەو دەوڵەتانە پەنای بۆدەبەن سنووری سورشتییان نیە. گومانی تیدانیە دیاریکردنی سنوور و ناوچەکان کە بەگرنگترین بەشی فیقهی یاسای نێو دەوڵەتی گشتی دادەنرێت. (ابن خلدون: ٢٠٠٤، ج١، ص-ص-١٤٠-١٤٦؛ عبدالحمید: ١٩٧٣، مج١، ص١٩٠؛ ابو هیق: ١٩٥١، ص٣٢٠).

**٥-٣- دەسەڵاتی سیاسی (السلطة السیاسیة):**

دەسەڵاتی سیاسی بەبەردی بناغەی بوونیادنانی دەوڵەت دادەنرێت و یەکێکە لەپایە هەرە گرنگەکان، تائەو رادەیەی هەندێک لەزاناکان دەوڵەت وەک دەسەڵاتی سیاسی دەبینین، تەنانەت "الماوردی" دەسەڵاتی سیاسی هاوشێوەی پایەکانی ئایین بینیوە، کە رۆڵی هەیە لە دامەزراندن و ئاراستەکردنی دەوڵەت (الماوردی: ١٩٨٩، ص-ص ٣٠-٤٠؛ البارز: ٢٠٠٦، ص٤٠).

بۆیە دەبینین بیرمەندی ئەڵمانی "ماکس فیبر"، لەپێناسەی دەسەڵاتی سیاسی دەڵێت:((دەسەڵاتی سیاسی دەرفەتێکە لەلایەن تاک و کۆمەڵگا بەدەستە بژێرێکی سیاسی دەبەخشرێت لەپێناو هێنانەدی خواست و ئامانجەکانی کۆمەڵگا))( عبدالهادی: د.ت، ص٧٦).

**٦- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەدیدی زاناکانی ئیسلامی:**

ئاشکرایە ئەرکی دەوڵەت بەقەوارە سیاسییەکەیەوە بەندە، مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتەکە و جوگرافییەکەی کاریگەری لەسەر ئەرکەکانی دەوڵەت دەبێت، ئەمەش تێڕوانینی جیاواز دەربارەی دەوڵەت لەلای زاناکان دروست دەکات، لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین بیروباوەڕەکانیان بەکورتی بخەینەڕوو.

**٦-١- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەلای "ابن المقفع"[٢] (م:١٤٢ک/ ٧٥٩ز):**

بەوپێیەی "ابن المقفع"، شارەزاییەکی تەواوی لەبواری سیاسەت و فەلسەفەی سیاسی هەبووە، بەردەوام رەخنەی لەسیستەمی کارگێڕی دەسەڵاتدارنی ئیسلامی سەردەمەکەی خۆی هەبووە و ئەوانی بەلاواز زانییوە، بۆیە هەوڵی داوە سیستەمی کارگێڕی فارسی بەسەر دەوڵەتی ئیسلامیدا زاڵبکات، هەرچەندە لەوکارەشیدا رەخنەیەکی زۆری لێگیراوە، بەڵام بەهۆی زیرەکی و لیهاتوویی دەربارەی فەلسەفەی سیاسی و رەوانبێژیی لێهاتوویەکەی توانیویەتی خۆی لەو تانە و گرفتارییەکانی رزگاربکات (بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: علی: ٢٠١٧، ج١، ص-ص٩٦-١١٠).

ناوبراو لەبواری دەوڵەتداریدا تاوەکو سەردەمەکەی خۆی بەیەکەم کەسی نێو دەوڵەتی ئیسلامی دادەنرێت کە جەختی لەسەر فەلسەفەی سیاسی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کردۆتەوە (اضائی و حریرچی: ٢٠١٥، العدد٢٢، ص٢٢). لەسەرووی هەمووشییانەوە (ابن المقفع)، پێیوایە سەرۆکی وڵات گرنگترین بەشە لە دەوڵەتدا. لەپەرتووکەکەی بەناوی (کلیله و دمنه)، دەربارەی ئەم بابەتە گوتوویەتی:( چەند شتێک هەن مایە پوچ و سفرن وەک رووبارێک بەبێ ئاو، خاکێک بەبێ پاشا، کەسێکی نەزان کە چاکە و خراپەی نەزانێت) (٢٠١٩، ل-ل٤٥-٤٦).

کەواتە لەلای ناوبراو هەردەوڵەتێک و شوێنێک سەرۆکی نەبێ ئەوا سەرئەنجامی ئەو شوێنە بەبێ هیچ شک و گومانێک مایەپوچ و نەمانیەتی.

لەهەمانکاتیشدا "ابن المقفع"، پێیوایە مرۆڤ لەکاتی هەبوونی پاشا، ئەوا پێویستە گوێڕایەڵی پاشاکەی بکات و هەرکەسێکیش ئەو سیفاتانەی تیادابێت ئەوا هێزی لەخۆی نزیک کردۆتەوە. (عبدالله بن المقفع: ١٩٨٩، ص٣١٢؛ ارسلان: ١٣٧٥هـ ص٢٢).

دەربارەی جۆرەکانی پاشایەتی "ابن المقفع"، پێیوایە سی جۆر پاشایەتی هەیە وەک (پاشایەتی ئایین، پاشایەتی پتەوی هێز، پاشایەتی ئارەزوو). سەبارەت بەپاشایەتی ئایین: ئەو پاشایەتییەیە کە ئایینی لەگەڵ بەرز دەکاتەوە و ئەوشتانەی مافی خۆیانە پێیان دەبەخشێت و ئەوانەشی شایستەی ئەوانە لەجێبەجێکردنی دریغی لێناکات. هەرچی پاشایەتی پتەوییە(هێز)ە: بابەتەکان بەگوێرەی بیروباوەڕی خۆی جێگیردەکات، بەم هۆیەوە بەردەوام هێرش و ناڕەزایەتی خەڵکی لەسەرە، بەڵام بەهۆی بەهێزییەکەیەوە زیانی پێناگات. پاشایەتی ئارەزووش: وەک شانۆگەرییەکە لەگەڵ کات و زەمەندا و وێرانکارییە بۆسەردەمەکەی).( عبدالله بن المقفع: ١٩٨٩، ص-ص٣٤١-٣٤٣؛ Karadeniz: 2022, cilt8, sayı44 s.5).

هەرسەبارەت بەبوونی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری ناوبراو ئەو هەماهەرنگییەکی روونی دەرخستووە لە نێوان عەقل و ئایین، چونکە پێیوایە عەقل و ئایین لەگەڵ یەکتردا ناکۆک نین، هەم ئایین هەمیش عەقل بۆکاملبوونی ژیانی مرۆڤ پێویستە، لەبەرئەوەی خودای گەورە عەقلی داوەتە مرۆڤ تاوەکو خۆی بژێنێت، بەڵام بەڕێوبەرانیشی داناوە بۆئەوەی لەبەکارهێنان و چۆنیەتی بەکارهێنانیدا بتوانێ یارمەتی بدات. (عبدالله بن مقفع: ٢٠١٩، ل-ل٩٤-٩٥).

وەک ئاماژەمان پێدا "ابن المقفع"، یەکەم فەیلەسوفی مسوڵمانە بیروباوەڕەکانی خۆی دەربارەی دەوڵەت و ئەرکەکانی دەوڵەت و دەوڵەتداری خستۆتەڕوو. دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە بیخەینەڕوو.

١- دانانی سەرۆکی باش و گونجاو کەبتوانێ بەرگەی هەموو ناخۆشیەک و ناڕەحەتییەک بگرێت، لەلای خەڵک خۆشەویست و جێگای باوەڕبێت تاوەکو گوێڕایەڵی بکرێت.

٢- هەڵبژاردنی کەسانی زیرەک و بەتوانا بۆئیدارەدانی دەوڵەت، تاوەکو بەوپەڕی هێز و تواناوە دەوڵەتداری بکەن و لەگەندەڵی وستەمکاری دووربکەونەوە. (عبدالله بن المقفع: ١٩٨٩، ص-ص٣١٠-٣١١).

٣- پاراستنی سەروەت و ماڵ و گیانی خەڵک لەلایەن سوپا بە یەکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی دەوڵەتدرای دادەنرێت، بۆیە لە دەوڵەتدا پێویستە سوپای بەهێز و فەرماندەی بەهێز بۆ ئەم پرسە بوونی هەبێت و دەست نیشان بکرێن.(بڕوانە: ١٩٨٩، ص٣١١؛ راهی: ٢٠١٩، العدد٨٨، ص١٠؛ İşler: 2023, s.s71-75.).

٤- دادپەروەی لەدیدی "ابن المقفع"، پایەکی گرنگی دەوڵەتدارییە، بەتایبەتی ئەو رەخنانەی ئاراستەی دادوەرەکانی کردووە، بریتیە لە راستکردنەوەی شێوازی دەوڵەتداری لەبواری دادپەروەری لە دەوڵەتدا. (عبدالله بن المقفع: ١٩٨٩، ص٣١٣؛ اضائی و حریرچی: ٢٠١٥، العدد٢٢، ص٢٨).

**٦-٢- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەدیدی "ابن ابی الربیع"(م:٢٧٢ک/٨٨٥ز):**

"ابن ابی الربیع" ، یەکێکە لەبیرمەندەکانی ئیسلامی و لەدەورووبەری سەدەی سێیەمی کۆچیدا ژیاوە. لەبارەی سیاسەت و فەلسەفەی سیاسی و دەوڵەت خاوەنی پەرتووکێکی بەناوبانگە بەناوی"سلوک المالک فی تدبیر الممالک"، کە دەگوترێت پەرتووکەکەی پێشەکەش بەخەلیفەی عەباسی"المعتصم" (٢١٨-٢٢٧ک/٨٣٣-٨٤٢ز) کردووە. ناوبراو یەکەم بیریاری مسوڵمانە دەربارەی فیکری سیاسی پەرتووکی نووسی بێت.(زیدان٢٠١٣، ص٦٢٦). هەرلەگەڵ سەیرکردنمان بۆ ناونیشانی پەرتووکەکە بەهێنانی ناوی مەملەکەت خێرا بۆئەو قەوارە سیاسییەی ئێستامان دەباتەوە کە پێیدەگوترێت دەوڵەت، هەروەها کەسی یەکەمی دەسەڵاتەکەشی بەناوی (مەلیک یاخود مالیک) هێناوە، ئەوەش راستەخۆ پەیوەستە بەدەوڵەتداری لەوڵاتدا.

"ابن ابی الربیع"، لەپەرتووکەکەیدا بەشی چوارەمی بۆ سیاسەت و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کاروبارەکانی تەرخانکردووە، ناوبراو بەرلەهەموو شتێک بانگەواز بۆئەوە دەکات، لەجیهاندا خودا خودی خۆی دامەزرێنەری سیاسەتە. لەدوای ئەوەشەوە بانگەواز بۆهەبوونی دەسەڵاتی پاشاکان دەکات، هەروەها ئاماژەی بە بەگوێڕایەڵیکردنی پاشاکان دەکات. لەبەرئەوە گوتوویەتی خودای گەورە دەسەڵاتی تایبەتی بەپاشاکان بەخشیووە و لەسەر زەوی دەسەڵاتی بەرزی پێداون و زانایانی پابەندکردووە رێزیان لێبگرن و شکۆمەندییان بۆ بنوینن. (ابن ابی الربیع: ١٩٨٣، ص١٧٤).

سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی دەوڵەت لەلای "ابن ابی الربیع" بۆنەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، وەک (خواردن، جلوبەرگ، شوێنی حەوانەوە، پەیوەندی سکسی و چاودێری پزیشکی...هتد). هەر بۆوەدیهێنانی ئەم

هۆکارانە هەندێک کەس پێویستی بەهەندێک کەسی تر هەیە، تاوەکو ئەو پێداویستییانەی ژیان پڕبکەنەوە، ئەوەش وادەخوازێک مرۆڤەکان بەکۆمەڵ بەیەکەوە بژێین و شارو کۆمەڵگای گەورەی نیشتەجێبوون پێکبهێنن، تاوەکو لەنزیکەوە سود لە یەکتر وەربگرن. (١٩٨٣، ص١٧٦).

لەم بابەتەی سەرەوە بۆمان بەدیاردەکەوێت ئەرکی سەرەکی دەوڵەتداری لەلای (ابن ابی الربیع)، بریتیە لە ڕێکخستنی باروودۆخی ئابووری تاوەکو کۆمەڵگای نێو دەوڵەت بتوانێ پێداویستییەکانی پڕبکاتەوە. دابینکردنی شوێنی حەوانەوە مەبەست لێی کارکردنە بۆدروستکردنی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەی شارەکان. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە دەوڵەت پڕۆسەی هاوسەرگیری بۆخەڵکانی نێو کۆمەڵگاکەی تەرخانبکات و گرنگی بەتەندروستی هاوشارییەکانی بدات. ناوبراو لەباسی دەوڵەتدا هەمووجۆرە حکومەتێک ڕەتدەکاتەوە تەنها دەسەڵاتی پاشایەتی نەبێت. لە دەوڵەتدا یەک کەس واتا پاشا بەتەنیا حوکمڕانی دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە فرەیی پاشاکان سیاسەت تێکدەدەن، لەبەرئەوەی شارێک یاخود چەند شارێک پێویستی بەیەک سەرکردە هەیە. هەموو ئەوانەشی کە لەژێردەستی ئەودا دەستنیشان دەکرێن دەبێ گوێڕایەڵی و جێبەجێکاری فەرمانەکانی بن. سەرۆک لەتوانایدا هەیە تەواوی بەشەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتەکە وەک ئەندامێک لەجەستەی خۆیدا بەئارەزووی خۆی بەکاریان بهێنێت.

"ابن ابی ربیع"، لەدرێژەی باسەکەیدا لەسەر پاشا، پیرۆزییەکی زۆر بەپاشا و بەدەسەلاتەکەی دەدات، پێیوایە بەگرتنەبەری ئەو ڕیگایانە ئەوا ئاسایش و خۆشگوزەرانی دەستەبەر دەبێت. (١٩٨٣، ص١٧٦).

لەکۆتایدا دەتوانین دەوڵەت و ئەرکەکانی دەوڵەت لەلای "ابن ابی الربیع"، لەم چەندخاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١-پاراستن و پارێزگاریکردن لەسنورەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگاکەی خۆی، بەدانانی سوپا بۆ پارێزگاریکردن لەهێزی دەرەکی و دانانی سەرۆکی پۆلیس بۆکاروباری ئاسایشی ناوەخۆ.

٢-گەشەپێدانی ئابوری و گرنگیدان بەڕێکخستنی کۆمەڵگا لە ڕووی ئابووری و بازرگانی، ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و دروستکردنی ڕێگاوبان و پڕۆژەی ئاودێری.

٣-دانانی پلانی بەڕێوەبردن و نزیککردنەوەی کەسی زانا و دانا لەسەرۆکی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کارەکان و بەڕێوەبردنی بەچاکترین شێوە.

٤- ڕێکخستنی سەرچاوەی داهات و چۆنیەتی پەیداکردنی و خەرجکردنی بەگونجاوترین شێوە کەلەبەرژەوەندی گشتی دابێت. (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە تەواوی پەرتووکی. ابن ابی الربیع: ١٩٨٣).

**٦-٣- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەدیدی "الفارابی (م: ٣٣٩ک/٩٥٠ز):**

سەبارەت بە ناساند و چەمکی دەوڵەت لە هزری "فارابی" دا؛ ناتوانرێت پێناسەیەکی تەواو جێگیر و پڕ بە پێست بۆ واتا سەردەمییەکەی دەوڵەت بدۆزینەوە، بەتایبەتی لەهزری و تێڕوانینی "فارابی"دا، لەبەرئەوەی ئەو سەردەمەی ناوبراو تیایدا ژیاوە وشەی دەوڵەت زۆر بەکەمی لە پەرتووکەکاندا بەکار هاتووە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو فۆڕمە سیاسییەی لەخۆیدا هەڵنەگرتووە کە لە ئێستادا بۆی بەکاردێت، بۆیە دەبینین "فارابی" لە بری وشەی دەوڵەت لە تەواوی پەرتووکەکانی وشەی شار (مدینة)ی بەکارهێناوە، تەنانەت پەرتووکە بەناوبانگەکەی لەبواری سیاسەت ناوی شاری فازیلە (مدینة الفاضلة)ی لێناوە، ئەمە جگەلەوەی پەرتووکێکی دیکەی هەیە بەناوی سیاسەتی شار (السیاسة المدینة)، بە سەیرکردنمان بۆ هەردوو پەرتووکەکەی ناوبراو بۆمان بەدیاردەکەوێت "فارابی" تەواوی یاسا و بنەماکانی دەوڵەت و دەوڵەتداری تیایدا باسکردووە، بۆیە دەتوانین بڵێن بەهۆی ئەوەی وشەی دەوڵەت لەسەردەمی ژیانی "فارابی"دا فۆڕمە سیاسییەکەی ئێستای وەرنەگرتووە، ناوبراو لەبری وشەی دەوڵەت وشەی شار (مدینة)ی بەکارهێناوە( بگەڕێوە بۆ هەردوو پەرتووکەکەی فارابی: شاری فازیلە و السیاسة المدینة)

دیارە "فارابی" لەباسی فەلسەفەی دەوڵەتدا هاوتەریب بووە لەگەڵ تێڕوانینی زاناکانی یۆنانی پێشە خۆی، بەڵام جیاواز لەوان "فارابی" لە شیکردنەوەی و باسکردنی دەوڵەتدا کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئایینی. هەربۆیە دەبینین "فارابی"

بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی دەوڵەتەوە لەژێر کاریگەری ئیسلام و ئەو ژیانە کلتورییەی تیادا ژیاوە؛ دارشتووە :Ömer (2018, s.34; Aktınto‪p: 2016, Cilt1, S:2, s.49).

"فارابی" لە ناساندن و باسکردنی دەوڵەت هاوشێوەی جەستەی مرۆڤی چواندووە. چۆن جەستە لە بەشە جیاوازەکان و سنووردارەکان پێکهاتووە، هەندێکیان باش و هەندێکیان خراپ، لەتەنیشت یەکتر و بەڕێزبەندی و پلەبەندییەکی رێکخراو، کە هەر یەکێکیان کردارێکی دیاریکراو ئەنجامدەدات. بەچەشنی کردارەکانیشیان کۆبوونەتەوە بۆئەوەی لەتەواوکردنی ئامانجی جەستەی مرۆڤ هاوکاری یەکتر بن (فصول منتزعة، ١٤٠٥هـ ص-ص٤٦-٤٧).

بەهەمانشێوەش (دەوڵەت)، شار، هەر یەکێکیان لە بەشە جیاواز و سنووردارەکان پێکهاتوون، کە هەندێکیان خراپ و هەندێکیان باشتر. لەتەنیش یەکترن و بە پلەی جیاواز رێکخراون. هەر یەکێکیان لەسەرەخۆی کردارێکی دیاریکراو ئەنجامدەدات، کەواتە بە کردارەکانیان کۆدەبنەوە بۆ هاوکاریکردن لە تەواوکردنی ئامانجەکانی (دەوڵەت)، شار و ماڵ.

ماڵەکان بەشێکە لە شارێک، لە خودی شارەکەدان (دەوڵەتەکەدان)، مەبەستەکانیان لەیەکتر جیاوازە؛ ئیدی ئەو شتە جیاوازانە کۆدەبنەوە تا تەواو یەکگرتووبن بۆ هاوکاریکردنی یەکتر و گەیشتن بەمەبەستەکەیان. وەک چۆنیش بەشەکانی جەستە لەگەورەوە بۆ بچوک و لەگرنگەوە بۆ گرنگی کەمتر، هەریەکێکیان فەرمانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، ماڵەکانیش بەهەمانشێوەی جەستەن و بەشێکن لە شار (دەوڵەت)، بەجۆرێک هەموو بەشەکان یەک دەگرن کە سوودیان بۆ (دەوڵەتەکە) شارەکە هەیە (فصول منتزعة، ١٤٠٥هـ ص-ص٤٦-٤٧).

دەتوانین ئەم ناساندنەی دەوڵەت لەلای فارابی لەپێناسەیەکی سەردەمییانە کۆی بکەینەوە و بەمشێوە شیکردنەوەی ووردی بۆ بکەین (دەوڵەت رێکخراوێکە یاخود ئۆرگانێکە هەموو بەشەکانی لەژێر چەتری جێبەجێکردنی فەرمانێک بەیەکەوە بەستراوەتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بەهەمانشێوەی جەستەی مرۆڤیش سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و بەرگری لەم دەوڵەتەدا هەمانشێوەی بەرگرییە لەجەستەدا).

یاخودا دەتوانین پێناسەیەکی سادەتری بۆبکەین و بڵێین (دەوڵەت کۆمەڵە خەڵکێکە لە سنوورێکی دیاریکراودا بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو کۆبوونەتەوە و بەرگری لەسەروەری ئامانجەکانیان دەکەن و سنوور و چوارچێوەیەکی یاسایی داریکراویان هەیە).

**پوختەی ئەرکەکانی دەوڵەت لە هزری "فارابی"**

هەرچەندە "فارابی" راستەخۆ باسی لە ئەرکەکانی دەوڵەت نەکردووە بەڵام دوایی خوێندنەوەمان بۆ خەسڵەتەکانی سەرۆکی دەوڵەت بەمشێوەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

١- یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەت بریتیە لە بەڕیوەبردنی دەوڵەت بە شێوەیەکی رێک و پێک، کاروبارەکانی ژێردەستەکانی بە رێک و پێکی بەڕێوەبباتت، بۆیە یەکێک لە خەسڵەتەکانی فەرمانڕەوا لەلای فارابی بریتیە لە ساغ و سەلامەتی ئەندامەکانی جەستە تاوەکو سەرۆک هێزی ئەوەی هەبێت بتوانی کاروبارەکانی بە رێکی بەڕێوەببان(فارابی، ٢٠١٩، ل١٣٥).

٢- سەرۆکی دەوڵەت دەبێ شارەزایی تەواوی لە زانستەکان هەبێت، تا ئەوڕادەیەی بتوانی خەڵکەکانی بەزانستەکەی ئاراستەبکات و تەنانە خۆشی رۆڵی هەبێ لە پەروەردە و فێرکردن (شاری فازیلە، ٢٠١٩، ل ١٣٥).

٣- لەلای "فارابی" دادپەروەری یەکێکە لە خەسڵەتە گرنگەکانی سەرۆکی دەوڵەت و بە ئەرکێکی سەرەکی دەوڵەت دادەنرێت(٢٠١٩، ل١٣٦)

**٦-٤- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەدیدی "ابی الحسن العامری"[(3)](م: ٣٨١ک: ٩٩٢ز):**

یەکێکە لەفەیلەسوفانی ئیسلامی و تێڕوانینی خۆی دەربارەی سیاسەت و دەوڵەت و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت خۆستۆتەڕوو، "عامری"، بنچینەی فەلسەفە سیاسییەکەی خۆی لەسەر بنەمای بوونیادی سیستەماتیکی گەردوون بەگوێرەی قورئان خۆستوتەڕوو، کە گەردوون لەلایەن خولقێنەرێکی باڵاوە بەشێوەیەکی تەواو کامل دروستکراوە و بەڕیوەبردنی لەلایەن خوداوەیە، لەبەرئەوەی خودا سەروەری راستەقینەی تەواو رەهایە، کە خواد فەرموویەتی ئەو بەرزە و فەرمانڕەوای گەردوونە، هەموو شتەک بەڕێوەدەبات بەبێ هیچ لاوازییەک لەبەڕێوەبردندا. ( Amiri2017, s.

187). مەیلی خودا لەگەردووندا بەواتایەکە بەشێوازێکی ناوازە حوکمڕانی دەکات و زاڵە بەسەر حوکمڕانییەکەیدا، تاکە حاکم و سەروەری راستەقینە خودایە، کە دروستکەر و بەڕێوەبەری هەموو بوونەوەرەکانە. (Amiri: 2013, s.116)

دیارە دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەت لەدیدی ناوبراو، هەروەکو هەموو فەیلەسوفانی پێشە خۆی دەیگەڕێنێتەوە بۆهۆکاری پێویستیەکانی مرۆڤ بەیەکتری، لەبەرئەوە وتەی فەیلەسوفی یۆنانی "ارسطو"ی هێناوەتەوە کە گوتوویەتی:( مرۆڤی بەختەوەر پێویستی بەهاوڕێ دەبێ، ئەم پرسیارەی خستۆتە بەرباس و دەڵێ ئەگەر پێویستیشی پێیان نەبێت دەتوانێت سودیان لێوەربگرێت، لەبەرئەوەی شتی باشی هەیە، ئەوا دەتوانێت ئەو خێرانە وەربگرێت کەلەئەوانەوە دەستی دەکەوێت). (العامری: ١٣٩٨هـ ص-ص١٤٠-١٤٤).

سەبارەت بەدانانی سەرۆک وەک چینێکی حەتمی دایناوە، هەروەها پێیوایە بنەمای ئیدارەدان پێویستی بەبەڕێوبەر و سەرۆک هەیە، لەسەر بنەمای ئەوەش شاری فەزیلەتدار بەختەوەر، تەنها بەسەرۆکێک دێتەبوون کە نیعمەتی خودای وەرگرتبێت، هەرکەسێکیش نیعمەتی خوادی وەرنەگرتبێت ئەوا ناتوانێت سەرۆکێکی راستەقینە بێت. هەروەها بەپێویستی دەزانێن لەنێوان سەرۆک و خەڵکەکەی هاوئاهەنگی هەبێت تاوەکو لەم رێگەیەوە شاری فەزیلەتدار(شاری ئایدیاڵ) بەدەست بهێنرێت، شارێک دەوڵەتێک بێت پڕی بێت لەخەڵکانی ئاوەدانکار و ئاشتیخواز. تاکەکانی لێهاتوو بن و تیۆری کردەییان هەبێت، بۆئەوەی بەبەختەوەری بگەن، هەردوو لا دەبێ ئەرکەکانی خۆیان بەتەواوی جێبەجێبکەن. (العامری: ١٣٩٨هـ ص-ص٢٠٨-٢٠٩).

هەرچی سەبارەت بەئەرکی دەوڵەت و دەوڵەتدارییە"العامری"، دەوڵەتداری لەچەند ئەرکێکی سەرۆک کۆکردۆتەوە بەمشێوەی خوارەوە:

١- دابینکردنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بۆ کۆمەڵگا، وەک باسمانکرد پێویستە خەڵکی دەوڵەت و شارەکە بەجوانی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێبکەن بۆئەوەی بەخۆشگوزەرانی بکەن. (عطیة: ١٩٩١، ص-ص٦٠-٦١؛ Koyan: 2024, s.45-62).

٢- دادپەروەی: "عامری"، لەبارەی دادپەروەرییەوە بیروبباوەڕی خۆی دەربڕیوە، دیارە لەدیدی ئەود بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بەدی نایەت مەگەر بەبەرجەستەکردنی دادپەروەری نەبێت، ناوبراو گرنگییەکی زۆری بەدادپەروەری داوە و لەدابەشکردنی ماڵ و سامان جەختی زۆری لەسەرکردۆتەوە و ئاماژەی بەبازاری ئازاد داوە. ( TURAN: 2017, Cilt: 3, Sayı: 2, s.100-105).

٣- حوکمڕان دەبێ بتوانێ پارێزگاری لەخاک و وڵات بکات و هانی سوپا بدات بۆئەنجامدانی کاری چاکە و بەسود. هەروەها دەبێ شارەزای تەواوی لەتەڵە و فێڵەکانی دوژمن هەبێ، پێویستە دوژمنەکانی خۆی و گەلەکەی بەتەواوی بناسێت. بە مەبەستی پارێزگاریکردن و پاسەوانی لەئەمن و ئاسایشی شارەکان دەبێ پاسەوان و سەرباز لەهەموو شارەکان دابنێت و ئەرکی پاسەوان و پاراستنی شارەکەیە لەدزی تالان و ڕێگری و تاوانەکانی تر بکات. ئەرکی سەربازەکانیش بریتی دەبێت لەپاراستنی شارەکە لەخراپە و زیانی دوژمنان. لەبەرانبەر ئەوەشدا حوکمڕان دەبێت بژێوی ژیانی سەربازەکانی بەتەواوی دابین بکات تاوەکو لەکاری خراپە دووربکەونەوە (العامری: ١٣٩٨هـ ص ٢٥٨).

هەروەها "العامری"، لەبواری سەربازی و پاراستنی دەوڵەتدا جگە لەهۆکاری سروشتی وەک (ئاو و شاخەکان و دۆڵەکان)، بوونی قەڵا و لێدانی خەندەقیش وەک هۆکارێک بۆپاراستنی دەوڵەت دەبینێ، هەروەها لەجەنگدا پێیوایە دەبێ پیاوی ئازای هەبێت، کە ئەوانەی تێگەیشتنیان بۆ جەنگ هەیە، لەدرێژەی بابەتەکەشدا پێیوایە دەبێ هەموو بۆچوونەکان لەژێر فەرمانی سەرکردەکاندا بێت، بوونی ناکۆکی دابەشیان دەکات و دەبێتە هۆی ناتەبایی و هەڵوەشاندنەوە، پێویستە هەمووان فەرمانی سەرکردە جێبەجێبکەن بەم هۆیەوە بەرە و ڕێگای باشیان دەبات و رزگاریان دەکات. (١٣٩٨هـ ص-ص ٢٥٨-٢٥٩).

٤- حوکمڕان ئەرکی سەرەکی لە دەوڵەتداری بریتیە لەدروستکردنی ڕێگای بەرژەوەندنی هاوبەش و گرنگیدان بەئابووری وڵات و دابینکردنی سەروەت و سامان تاوەکو لەڕێگەی دروستکردنی پردەکان و کاروانسەرا و دروستکردنی ڕێگا خەرج بکات، هەروەها دەبێت برێکی پێویست داهات بەکەسانی هەژار و نەخۆش و کەمدەرامەتەکان و لاوازەکان بدات. بەتایبەتی ئەو کەسانەی هیچ پاشە کەوتێکیان نیە. لەپاڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدار دەبێ ڕێگری لە کاری گەندەڵکاری بگرێت

و گرنگی بەتەندروستی وڵات بدات.( العامری: ١٣٩٨هـ ص-ص٢١٩-٢٦٩؛ Akpınar: 2023, s.130; Akpınar ve Kamil: 2022, Sayı:48, s.601-625)

**٦-٥- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەلای "مسکویە" (٤٢١ک/١٠٣٠ز):**

"مسکویە"، یەکێکە لەفەیلەسوف و نوسەرە بەناوبانگەکانی ئیسلامی، لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە و خاوەنی چەندین پەرتووکە لەبوارەکانی (مێژوو، فەلسەفە، سیاسەت). (الصفدی: ٢٠٠٠، ج٨، ص-ص٧٢-٧٣؛ الحنفی: د.ت، ص-ص٢٤-٢٥). سەبارەت بەبواری دەوڵەت و دروستبوونی دەوڵەت و شارستانیەت ناوبراو گوتوویەتی:( کۆبوونەوەی خەڵک لەشارێکدا لەسەر بنەمای دوانە دەکرێت، ئەم دوانەش پێدەگوترێت شارستانیەت). هەروەها لەبارەی دروستبوونی دەوڵەت و شارستانیەت گوتوویەتی:( بوونی جیاوازی پێویستییەکانی مرۆڤ و هەبوونی جیاوازی لەنێوان پێویستییەکان و ئامانجی کارلێککردن و دابینکردنیان هۆکاری دروستبوونی شارستانیەتە دەوڵەتە). (مسکویە: ١٣٢٥هـ ص-ص٦٢-٦٣)

کەواتە "مسکویە"، هۆکاری دروستبوونی و پێکهاتنی شارستانیەت، بۆپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە. بەهانشێوەی فەیلەسوفەکانی تر هۆکاری کۆمەڵایەتی لەپێشەوەی هۆکارەکانی تر و تیۆرەکانی تری دروستبوونی دەوڵەت دادەنێت.

**پوختەی ئەرکەکانی دەوڵەت لەلای "مسکویە":**

١- بەختەوەری و خۆشگوزەرانی لەکۆمەڵگادا لەلای "مسکویە"، لەباڵاترین و گرنگترین ئامانجەکانی دەوڵەتدرای دادەنرێت و بەختەوەری لەلای ئەو هێندە گرنگی پێدراوە، بۆتە هۆی ئەوەی پەرتووکێک بەناوی (ترتیب السعادة)، بنوسێت. کەتیایدا پایەکانی بەختەوەری تیایدا دەست نیشانکردووە. (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مسکویە: د.ت، ص-ص١٠-٥٥)

٢- پاراستن و دەستەبەرکردنی بەرژوەندنی نەتەوەیی یەکێکە لەئەرکە هەرەگرنگەکانی حکومەت، سەبارەت بەمەش "مسکویە"، گوتوویەتی:( پاشایەتی پیشەسازییە کە شارستانیەت بنیات دەنێت و پاڵنەرێکە بۆئەوەی مرۆڤ بەشوێن بەرژوەندییەکانی خۆی بگەڕێت). (مسکویە: د.ت، ص٣٣٣).

٣- رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا: "مسکویە"، دەبارەی ئەم بابەتە گوتوویەتی:( حوکمڕانان ئەوانەن کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ئەرکی پاراستنی سیستەمی کۆمەڵگا و پاراستنی پەیوەندی دۆستایەتی لەنێوان گەل و حوکمڕان و یاساکانی حوکمڕانی لەئەستۆدایە. سەپاندنی دادپەروەری لەنێوانیاندا پایەکی گرنگی هەیە، چونکە بەبێ ئەوەی ئەو ئەرکە جێبەجێبکات، ئەوا وڵات بەرەو ئاژاوە و دژی فەرمانڕەواکان دەڕوات). (تهذیب الاخلاق، د.ت، ص١٦٠).

٤- دادپەروەری و یەکسانی: دادپەروەری لەدەوڵەتداریدا بەخۆشگوزەرانی دەوڵەت بەستراوەتەوە، لە هەروڵاتێک دادپەروەری نەبێت ئەوا خۆشگوزەرانی تیادا بەرجەستە نابێ، بۆیە دادپەروەری ئەرکی گرنگی دەوڵەتدارییە و ئامرازێکە بۆپاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵات. بۆیە دەبینین "مسکویە" سەبارەت بەمە گوتوویەتی:( دادپەروەری شارستانییەتەکان ئاوەدان دەکاتەوە). (د.ت، ص١٢٧).

٥- پاراستنی ئەمن و ئاسایش لەناوەخۆ و دەرەوە ئەرکی هەموو وڵات و حکومەتێکە، کەئەمن و ئاسایش و سەروەت و سامان و ماڵ و گیانی خەڵکەکەی بپارێزێت و پارێزگاری لەسنوور و قەوارەی ژێردەستی بکات. سەبارەت بەمەش "مسکویە"، گوتوویەتی:( بەرلەهێرشی دوژمن پێویستە ئامادەکاری و کەرەستە و پێداویستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانیان ئامادەبکەن). (د.ت، ص١٩٦؛ مهاجرین: ٢٠٠٤، ص١٨٧).

**٦-٦- دەوڵەتداری و ئەرکەکانی دەوڵەت لەلای "عبدالقاهر البغدادی"[(4)] (م: ٤٢٩ک/ ١٠٣٧ز):**

"البغدادی"، زۆربەکورتی باسی لە دەوڵەتکردووە و دەوڵەت بەسەر دووجۆر دابەشکردووە ئەوانیش بریتین لە (دار السلام، دارالکفر)، دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتی بێباوەڕ:

لەپایەکانی دەوڵەتداری لەباسکردنی ئەرکەکانی سەرۆکی دەوڵەت ئاماژەی بەچەند خاڵێک داوە.

١- پێشەوای دەوڵەت دەبێ ئەحکام و فەرمانەکانی خودا پەیڕەوبکات و لەهیچ کام لەفەرمانەکانی خودا دەرنەچێت.

٢- خودی پێشەوا بۆ پارێزگاریکردن لەخاک و خەڵکەکەی پێویستە خۆی سەرکردایەتی سوپا بکات.

٣- دابەشکردنی غەنیمەت[٥] و سەروەت و سامانی دەوڵەت بەبێ جیاوازی و بەیەکسانی بەسەر رەعیەتەکەی ژێردەستی خۆی.

٤- سەرپەرشتی بێباوکەکان بکات و هاوسەرگیرییان بۆئەنجام بدات.

٥- ئەهلی (ذمه)[٦] لەخاک و وڵاتی مسوڵمانان پارێزراون، بەئازادی کاروبارەکانیان جێبەجێدەکەن. (١٩٣٨، ص-ص٢٧٠-٢٧١).

**٦-٧- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەدیدی "الماوردی" (م:٤٥٠ك/١٠٥٨ز):**

"ماوردی"، یەکێکە لە نوسەرە بەناوبانگەکانی بواری فیکری سیاسی ئیسلامی، ناوبراو خاوەنی حەوت پەرتووکە دەربارەی سیاسەت و فەلسەفەی سیاسی و یاسا و دەسەڵات و ئامۆژگاری دەسەڵاتداران. پەرتووکەکان ناوبراو دەربارەی سیاسەت و دەسەڵات بریتین لە:( نصیحەالملوک، قوانین الوزارة، سیاسة الملك، درر السلوك فی سیاسة الملوك، ادب ادنیا والدین، تسهيل النظر وتعصيل الظفر و الاحکام السلطانیة).[٢]

"ماوردی"، لەپەرتووکەکانی باسی لەدروست بوونی دەوڵەتەکان کردووە و لەچوارچێوەی کارەکانیشیدا شێوازەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی دیاریکردووە. ناوبراو لە دروست بوونی دەوڵەتدا باسی لەوە کردووە مرۆڤ لەسروشتی کۆمەڵایەتی خۆیدا ناتوانێ بەتەنیا ژیان بکات.

هەرچەندە لەباسی دروست بوونی دەوڵەتدا ئەوە بیروباوەڕەی ناوبراو وەک فەیلەسوفەکانی پێشەخۆیەتی؛ بەڵام لەهەنگاوەکانیدا بەتێکەڵکردنی سیاسەت و رێکخستنی کۆمەڵگا خۆی لەزاناکانی پێشەخۆی جیادەکردەوە. ناوبراو لەپەرتووکی (ادب الدنيا والدین)، تەواوی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی خسۆتەڕوو، تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە لەپرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەبواری دەوڵەتداری چۆن چۆنی لە ڕووی پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە مامەڵەبکرێت. لەپاڵ ئەوەشدا لەپەرتووکەکانی (تسهيل النظر وتعجيل الظفر، في أخلاق الملك وسياسة الملك و الاحكام السلطانيه والولايات الدينى)دا، تەواوی دەوڵەت و فەلسەفەی سیاسی و تیۆرەکانی دەوڵەتی خستۆتەڕوو.

"ماوردی"، لەپەرتووەکەکانیدا تەواوی بنەماکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی ئاماژە پێداوە و دەتوانین لەم چەندخاڵەی خوارەوە کورتییبکەینەوە:

١- لەتێڕوانینمان بۆ ئەو بابەتانەی ئاماژەمان پێیدا بۆمان بەدیاردەکەوێت ئامانجی سەرەکی دەوڵەتداری بریتیە لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات. (الماوردی: ١٩٩٧، ص٩٩).

٢- سەرەکی ترین ئەرکی دەوڵەتداری بریتیە لە پاراستنی هاوڵاتیان و پاراستنی وڵات و کۆمەڵگاکەی ژێردەستی لە هەموو مەترسییەکان، هەروەها توندوتۆڵکردنی سنوورەکانی وڵات و پاراستنی مسوڵمانانە لە هێزی دوژمنان جگەلەوەی دەبێت پلان بۆسوپا دابنرێت و هێزی سەربازی رێکخراو بێت. (الماوردی: ١٩٩٧، ص١٠٠).

٣- دەبێ کەسانی گونجا و باش لەشوێنی گونجا و باشدا دابنرێت، ئەمەش هەر لەپۆستە باڵاکانی دەوڵەت لەوەزیرەکان تاوەکو کۆکەرەوەی باج و تەواوی پایەکانی تری دەوڵەت دەگرێتەوە. تاوەکو بتوانرێت بەشێوەیەکی باش دەوڵەت بەڕێوەببردرێت بەتایبەتی لەبواری ئابووریدا بۆئەوەی خەزینەی دەوڵەت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشبکرێت. (الماوردی: ١٩٩٧، ص-ص٩٩-١٠٠).

٤- پێوستە سەرۆک و پاشای دەوڵەت کەسێکی زیرەک و لێهاتووبێت لەتەواوی پۆست و بوارەکاندا شارەزایی تەواوی هەبێت و لەکاروبارەکانیشدا پرس و راوێژبکات بۆئەوەی لەهەڵە و کەم و کوڕی دووربکەوێتەوە. (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: الماوردی: ١٩٨٩؛ أصول الدين، ١٩٣٨، ص-ص٢٧٠-٢٧١).

**٦-٨- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەدیدی "نظام الملك":**

بیرمەندێکی سیاسی بەناوبانگی ئیسلامییە و لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی سەلجوقییەکاندا ژیاوە و وەک وەزیر کاریکردووە، لەساڵی (٤٠٨ك/ ١٠١٩ز) لەدایکبووە، لەساڵی (٤٨٥ك/١٠٩٢ز) تیرۆرکراوە. (ابن خلكان: ١٩٧٦، ج٢، ص-ص١٢٨-١٢٩).

ئەوەی راستی بێت "نظام الملک"، بەهیچ شێوەیەک پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ دەوڵەت نەکردووە. بەڵام بەووردبوونەوەمان و خوێندنەوەمان بۆ پەرتووکەکەی بەناوی (سیاسەتنامە)، دەوڵەت ڕێکخراوێکە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری ئیسلامی لەسەر زەوی و نەهێشتنی ناتەبای و گەندەڵی دامەزراوەکان و بەهێزکردنی سنوورەکان لەهەموو هێرشێک و پاراستنی سەروەری ئازادی گەلە.

بەبڕوای ئەو دەوڵەت وەک دامەزراوەیەک بەرهەمی ئەزموون و کەڵەکەبوونی مێژووییە، شتێک نیە لەپڕێکدا هاتبێتەبوون، بەڵکو ئەم پرەنسیپانەی کەدەوڵەت دروست دەکەن و بەبەهێزی دەیهێڵنەوە و سەرکردەکانی سەرکەوتوون. دەتوانرێت لەڕێگەی ئەزموونی مێژووی بەدەست بهێنرێت. (بڕوانە: کاریتانی: ٢٠٢٣، ل-ل ٤٤-٤٨)

بەوپێیەی بەخوێندنەوەمان بۆ پەرتوکەکەی بۆمان بەدیاردەکەوێت ئەو ڕێبازەی "نظام الملک"، لەپەرتووکەکەی گرتوویەتییە بەر، بەگرتنەبەری شیکاری مێژووی خراوەتە بەرباس، نەوەک لەسەر ڕێبازێکی فەلسەفی واقیعی، بۆیە دەبینین لەپاڵ بەکارهێنانی هەردوو سەچاوەی سەرەکی ئیسلام (قورئان و فەرموودە)، گەڕاوەتەوە بۆ پەرتووکە مێژووییەکانی ئیسلام و پێش ئیسلامیش. (علی: ١٩٨٠، ص-ص١٦٤-٢٣١).

ئەوەی روونە سەبارەت بەدامەزراندی دەوڵەت (نظام الملک)، لەدەستپێکی پەرتوکەکەیدا گوتوویەتی:(خودای گەورە لەهەموو سەردەمێک لەسەردەمەکان لەنێو دروستکراوەکانیدا یەکێک هەڵدەبژێرێت و فەزیڵەت و پاشایەتی پێدەبەخشێت، بەرژەوەندنی نیشتمان و ئاسوودەیی گەلەکەی پێدەسپێرێت و دەرگای گەندەڵی و نائارامی ململانێ لەڕێگەی ئەوەوە دادەخات. شکۆمەندی و کەرامەتی خۆی لەچاو و دڵی مرۆڤایەتیدا جێگیر دەکات، بۆئەوەی مرۆڤەکان رۆژەکانیان لەژێر سێبەری دادپەروەرییەکەیدا بەسەربەرن و بەئاسانی بژین و تامەزرۆی بەردەوامی شانشینی ئەو بن) ( ٢٠٠٧، ص٤٩).

کەواتە هیچ مرۆڤ ناتوانێ بەتەنیا هەڵبکات، بۆیە پێویستی بە پاشایەک هەیە تاوەکو لە رێگەی ئەوەوە بەرەوو ئەو دادپەروەری و یەکسانییە بچێت کە خودای گەورە بۆ مرۆڤەکانی دابەزاندووە.

لێرەشدا ناوبراو لەڕێگەی ئەم (سەرۆک و پاشا)یەوە ئەرکەکانی دەوڵەت و دەوڵەتداری بەیانکردووە و لەم چەندخاڵەی خوارەوەی کۆبکەینەوە:

١- دانانی کەسی شیا و لەپۆست و پلەکاندا: دەوڵەت یاخود سەرۆک لەسەری پیویستە کەسانی شیاو لەپۆستە بالاکانی دەوڵەتدا دابمەزرێنن، بەتایبەتی لەپۆستی وەزیردا، چونکە یەکێک لەپۆستە هەستیارەکانی دەوڵەتدارییە کەکاریگەری لەسەر دەوڵەتداری و ئاراستەکردنی دەوڵەت هەیە. لەبەرئەوەی ئەوکەسەی پۆستی وەزیری پێدەدرێت دەبێت خاوەنی شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لە دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی سێکتەرەکانی دەوڵەت. هەروەها شارەزاییەکی تەواوی لەئاییندا هەبێت و بتوانێ بنەماکانی دادپەروەری لەسەر قورئان و فەرمووودەدا جێبەجێبکات. (نظام الملک: ٢٠٠٧، ص،ص٤٩، ٢١٠:YEŞİL: 1996, s.s.64-68.).

٢- دادپەروەری و دادوەری: لەلای "نظام الملک"، بەگرنگترین بەشی دەوڵەتداری دادەنرێت، جیاواز لەبیرمەندەکانی دیکە زۆر بە وردی باسی لەپۆستی دادوەری کردووە، لەبەرئەوەی پێیوایە خراپبوونی پۆستی دادوەری دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگا. بەمەش وڵات بەرەوە وێرانە و پڕ لەخیانەتکاری و گێژاوی نایەکسانی دەچێت. لەبەرئەوە لایەنی دادوەری و دادپەروەری لەلای ناوبراو زۆر گرنگی پێدراوە و دەربارەی ئەمەش گوتوویەتی:( پێویستە مەرجەکانی دادوەری وڵات یەک بەیەک دەست نیشان بکرێت و زانا و زاهید و متمانەپێکراوی لەنێوانیاندا بمێنێتەوە. ئەوانەی خاوەنی ئەم سیفاتانە نەبن دەبێت لەکارەکانیان دووربخرێنەوە و جێگرەوەیەکی شایستە دابنرێت، دادوەر دەبێت مووچەی مانگانەی هەبێت، کەبتوانێت خەرجییەکانی ژیانی دابین بکات، تاوەکو توشی وەسوەسەی خیانەت نەبێت (نظام الملک: ٢٠٠٧، ص٧٩).

دادوەر ئەرکێکی گرنگ و ناسکە، لەبەرئەوەی خوێن و سامانی مسوڵمانان بەدەست دادوەرەکانەوەیە، ئەگەر یەکێک لەبەر نەزانی و تەماح و بەدەستی ئەنقەست حوکمی دەرکرد دەبێ پاشا لەوکارەی ئاگاداربکرێتەوە و ئەوکەسە لەئەرکەکەی دووربخرێتەوە و سزابدرێت. لەهەمانکاتیشدا لەسەر دەسەڵات پێویستە پارێزگاری و پشتگیری دادوەرەکان

بکەن و شکۆ و دادپەروەرییان بپارێزن، ئەگەر کەسێکیش ڕەتیکردەوە لەبەردەم دادگا ئامادەبێت؛ لەسەر دەسەڵات پێویستە بەزۆر و بەزەبری هێز بهێنرێتە بەردەم دادگا. (نظام الملك: ۲۰۰۷، ص۷۹؛ Canalp 2023, s.49.)

لەم وتانە بۆمان بەدیاردەکەوێت کە بەشێوەیەکی زۆر لەبیروباوەری دادوەری و یاساکانی دادوەری سەردەمی هاوچەرخ نزیکبووە، بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین بنەما و یاساکانی دادوەری سەردەم لەسەر بیروباوەڕەکانی ئەم زانایە سەرچاوەی گرتووە.

٣- پارێزگاریکردن لەسەروەت و سامانی گەل و ڕێکخستنی لایەنی ئابووی وڵات. "نظام الملك"، بەهۆی ئەوەی خۆی بەشێک بووە لەسیستەمی دەوڵەت و پلەی وەزیری لەدەسەڵاتدارییەتی سەلجووقیدا هەبووە، شارەزاییەکی بێوێنەی لەبوارەکانی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری هەبوو. هەربۆیە لەکاتی نوسینی پەرتووکەکەیدا زۆر بەڕوونی چۆتە بنج و بناوانی کێشەکانی دەوڵەتداری و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرەکانی داوە.

لەلای "نظام الملك"، ئابووری پەیوەست بووە بەدەسەڵات و ڕاستەخۆ پەیوەندی لەگەڵ پاشا هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش بەپێویستی زانیوە پارێزگاری و پاسەوانی لەخەڵکانی خاوەن کار و جوتیاران بکەن و لەهەموو ستەم و نادادیەک بیانپارێزن. هەر دەربارەی ئەم بابەتە گوتوویەتی:( ئەوانەی باج کۆدەکەنەوە هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان لەسەر ژێردەستەکانیان نیە تەنها ئەو بڕەپارەی کەپێی ڕاسپێردراون بۆکۆکردنەوەی، کۆیبکەنەوە، لەبەرانبەر ئەوەشدا دەبێ خەڵک لەژیان و ماڵ و منداڵ و گیانی خۆیان سەلامەت بن و لەبژێوی ژیانیان و موڵک و ماڵی خۆیان دڵنیابن. هەرکەسێکیش لەباجگرەکان بەشێوەیەکی پێچەوانە مامەڵەبکات پێویستە دەستگیر بکرێت و سزابدرێت. (نظام الملك: سیاست نامە، ص-ص٦٢-٦٣؛ الغامدی: د.ت، العدد١٧، ص٢٤).

هەرچی سەبارەت بەپاسەوانی وسوپایە لەلایی "نظام الملك"، گرنگییەکی زۆری بەم بوارەداوە، لەکاتی باسکردنی بنەماکانی دەوڵەتداری وەک ئەرکێکی سەرەکی پێشکەوتن و پاراستنی دادپەروەری و ماڵ و سامانی زانیووە. سەبارەت بەسیستەمی سەربازی، وادیارە ناوبراو بەهەمانشێوەی سیستەمی سەربازی ئەمڕۆ ڕێکخستنی بۆیکردووە. لەبەرئەوەی دەڵێت: ئەگەر لەسوپادا سەرباز پێویستییەکی هەبوو دەبێ داوا لەسەرووتری خۆی بکات، ئەگەر سەربازێکیش هەربێڕێزییەکی بەرانبەر بەفەرماندەکەی بکات و نەیتوانی ڕێز لەکەڕامەتە سەربازییەکەی خۆی بگرێت و تەنانەت سنوورەکانیشی تێپەڕاند، ئەوا پێویستە سزابدرێت بۆئەوەی هاوکێشە سەربازییەکە لە ڕووی پلە بەندییەوە لە یەکترجیابکرێتەوە. (۲۰۰۷، ص١٦٠).

هەروەها پێویستە سەرکردەکان لەبری ڕازاندنەوەی جوانکاری نێوماڵەکانی خۆیان ئەوا چەک و ئامێری جەنگ و کەل وپەلەکانی بکرێت و گرنگی زۆر بەم بوارە بدرێت. هەرلەم ڕووەوە گەورەیی سەرۆک و فەرمانڕەوا و فەرماندە بەدیاردەکەوێت، نەوەک لەناوبانگ و گەورەی خۆی و جوانی جل و بەرگی. (۲۰۰۷، ص١٦١؛ Tuncer: 2003, s.s.53-54.).

سەبارەت بەپاسەوانان کەئەرکی پاسەوانی بازار و دەرگاکانیان دەکەوێتە ئەستۆ، ناوبراو پێیوایە ئەوکەسانەی بۆئەو پۆستە دەست نیشان دەکرێن پێویستە کەسێکی بەتواناو لێهاتوو بێ و جێگای باوەڕ بێت، بۆئەوەی نەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرتیل و پارە وەرگرتن. ئەگەر کەسێکیش لەکارەکەیدا هەڵەی کرد یاخود کەوتە نێو ئەم هەڵانەوە ئەوا پێویستە لەکارەکەی دوور بخرێتەوە و سزابدرێت. (نظام الملك: ۲۰۰۷، ١٦٤).

**٦-٩- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەلای "أبو حامد بن محمح بن محم الغزالی" (٥٠٥ک/١١١١ز):**

"الغزالی"، لەنێوان ساڵانی (٤٥٠-٥٠٥/ ١٠٥٨-١١١١ز)کۆچیدا ژیاوە، یەکێکە لەگەورە فەیلەسوفانی ئیسلام و جیهان، لەبەشێکی زۆری بوارەکانی فەلسەفەدا پەرتووکی نوسیوە و لەبواری سیاسەت و هزری سیاسیشدا خاوەنی چەند بەرهەمێکە.

"الغزالی"، سەرهەڵدانی دەوڵەتی بەبەرژەوەندی مرۆڤەکان بەستۆتەوە، پێیوایە مرۆڤ بەر لەسەرهەڵدانی دەوڵەت و گەشەکردنیدا بەچەندین قۆناغی جیا جیا تێپەڕیوە، مرۆڤیش بەجۆرێک دروستبووە کەناتوانێ بەبێ هاوکاری خۆی لەگەڵ ئەوانی تر ژیان بەسەر ببات، دواتر هاوکارییەکانی خۆی لەپیشەی و پیشە دەستییەکاندا دۆزییەوە. هەر هاوکاریکردنی

نێوان پیشە دەستییەکانە بووە هۆی دروستبوونی دەوڵەت و هونەری پیشەسازییە گەورەکان. سروشتی خاوەن پیشەکانیش بریتیە لەکارکردن بۆبەرگریکردن لەپیشەکانیان لەبەرانبەر دەست درێژی کەسانی دیکە. هەروەها کاریانکردووە بۆ دامەزراندنی ریساکان و حکومەتەکان و ئیدارەی دەوڵەت دابنێن و کاربۆجێبەجێکردنی یاساکان بکەن، بەم جۆرە دەوڵەت لەئەنجامی گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤەکانەوە لەسروشتی شتەکان و پێداویستییەکانەوە سەریهەڵداوە. (٢٠٠٤)، ج٣،ص٢٢٦؛ Arslan 2019, s.47).

ناوبراو لەپەرتووکی (الاقتصاد فی الاعتقاد)دا، گوتوویەتی:(سیستەمی دینداری تەواو نابێت بەبێ سیستەمی دوونیا، سیستەمی دوونیاش تەواو نابێ بەبی پێشەوا و سەرکردەیەکی گوێ بۆگیراو، لەهەمانکاتدا دوونیا و پاراستنی ئاسایش و سەروماڵی خەڵک سەقامگیرنابێت بەبی بوونی دەسەلاتدارێکی گوێ بۆگیراوە). (الغزالی: ٢٠١٩، ص١٤٧)

بۆیە ئەرکی دەوڵەت وەک پارێزەری ئایین دەبینێت کەبنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی مرۆڤە، بەبڕوای ناوبراو ئەگەر دەوڵەت لاوازبێت و ئەمن و ئەمانیش لاوازدەبێت، لەبەرئەوەی ئەو رێکخراوانەی ئایینن بوونیان نامێنێ.( Ü. : 1988, No:7, s.177).

لەپایەی دەوڵەت و ئەرکەکانی لەلای "الغزالی"، وەزیر پلەوپایەکی بەرزی هەیە، بەجۆرێک ناوبانگی پاشا راستەخۆ بەوەزیر دەبەستێتەوە. دەڵێت ئەگەر وەزیرەکەی پاشا کەسێکی راستگۆ و دادپەروەربێت، ئەوا پێگە و ناوبانگی پاشا بەرزدەکاتەوە، ئەگەر وانەبێت ئەوا پێچەوانەدەبێتەوە و لاوازی دەکات. بۆیە هیچ پاشایەک بەبێ وەزیر ناتوانێ کارەکانی خۆی بەڕێوەببات و دەوڵەتداری بکات، دەبێت کەسێک هەبێت لەتەواوی کۆسپ و تەگەرەکاندا یارمەتی بدات، وەک پێغەمبەر(د.خ)، سەرەرای هەبوونی پێگەیەکی بەرز لەلایەن خودای گەورە فەرمانی پێکراوە راوێژ لەکاروبارەکانیدا بکات. (الغزالی: ١٩٨٨، ص،٨٨؛ **النعیمی: ٢٠٢٥، ص-ص٢٦٣-٢٦٤**).

**لێرەدا پوختەی ئەرکەکانی دەوڵەت لەلای (الغزالی)، دەخەینەڕوو:**

١- دەوڵەت پێویستی بەسەرۆک هەیە، بۆیە دەوڵەت بەرلەهەموو ئەرکێکی تری دەوڵەتداری پێویستە سەرۆک دیاریبکرێت و بەتەواوی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرۆک بکرێت. (الغزالی: ٢٠١٩، ص١٤٧).

٢- دەوڵەت پارێزەری دین و دوونیایە، کەواتە بەشێکی سەرەکی دەوڵەتداری بریتیە لەپاریزگاریکردن لەئایینی خەڵکەکەی و هەوڵدان بۆجێبەجێکردنی شەریعەتەکەی، هەروەها پارێزگاریکردن لەهەموو ئەوکەسانەی کەهەڵگری بیرباوەڕی ئایینی ئیسلامن، بۆجێبەجێکردنی ئایین و پارێزگاریکردن لێی پێویستە دەوڵەت هەوڵی بەهێزکردنی سنورەکانی بدات؛ لەهەمانکاتیشدا لە ڕووی دوونیاوە پێویستە پارێزگاری لەماڵ و سامانی خەڵک بکات و لەدەستی دوژمنان بیانپارێزێت، جائەم پارێزگاریکردنەش لەرێگەی ئاشتی و پەیوەندی دیبلۆماسی بێت لەگەڵ وڵاتانی تر یاخود ئامادەکردنی سوپایەک بێت بەبی هەبوونی هیچ کەم و کوڕییەک.

٣- دادپەروەری لەلای "غزالی"، پایەکی گرنگی دەوڵەتدارییە و دەبێتەهۆی بەهێزبوونی دەوڵەت و دوورکەوەتنەوە لەهەموو کێشە و گرفتێکی ناوەخۆ و نەهێشتنی ستەم و زۆرداری. (١٩٧٤، ص-ص٧٢-٧٣؛ الوعر: ٢٠٢٣، العدد٢٢، ص٢٣٥)

٤- "غزالی"، پەروەردە بەبەشێکی گرنگی دەوڵەتداری دادەنرێت و پێیوایە زانستەکان هۆکارێکن بۆپێشکەوتنی دەوڵەت، بۆیە لەسەر دەوڵەت و سەرۆکی وڵات پێویستە گرنگییەکی تەواوی بەبواری پەروەردە بدات. (بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: ١٩٧٤، ص-ص٧٢-٧٣؛ النبهان: ١٩٨٩، العدد٣؛ .Çeli: 2006; Boydilek: 2023).

٥- لەلای "غزالی"، هەموو پایەکانی دەوڵەت بەیەکەوە بەستراوەتەوە هەرپایەکی دەوڵەتداری لاوازی تێکەوت ئەوا هەموو پایەکانی تری لاواز دەکات، بەڵام لەکۆتایشدا ئابووری و وڵات بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ئابووری بەهۆیەکانی مانەوەی دەوڵەت دەزانێت، ئەگەر ئابووری بەهێزی هەبێت ئەوا دەتوانێ سوپای باشی هەبێت و پەروەردەی باش بەرهەم بهێنێت، بەو مەرجەی هەموو پایەکانی دەوڵەتداری دادپەروەری تیایدا بوونی هەبێت. (الغزالی: ١٩٨٨، ص٨٨).

٦- "غزالی"، لە دەوڵەتداری پایەی راوێژکردنی وەک پێگەیەکی گرنگ و بەهێز زانیوە، بۆیە دانانی وەزیر بۆڕاوێژکردن ئەرکێکی سەرەکی دەوڵەتداری دەبینێت و بەپێویستییەکی گرنگی دەزانێت، بۆئەوەی سەرۆک لەکاتی هەرتەنگژە و

کۆسپێک بەراوێژکردن لەگەڵ وەزیرەکەی بتوانێت خۆی رزگاربکات. دیارە دانانی وەزیریش پێویستی بەوە هەیە کەسێکی بەتوانا و زیرەک و لێهاتوو بێت. شارەزاییەکی تەواوی لە دەوڵەتداری و پەیوەندییەکانی دەرەوە هەبێت. (الغزالی: ١٩٨٨، ص٨٨).

**٦-١٠- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەلای "ابن باجە" (م:٥٣٢ک/ ١١٣٨ز):**

"ابن باجە"، یەکێکە لەزاناکانی ناسراوەکانی ئیسلامی و دەربارەی فەلسەفە خاوەنی چەندین پەرتووکی بەناوبانگی هەیە، لەبارەی فیکری فەلسەفەی سیاسی خاوەنی پەرتووکێکی گرنگە بەناوی (تبدیر المتوحید)ە، کەتیادا باس لە (مدینة الفاضلة)، دەکات، ئەوەش تاڕادەیەک لەگەڵ بیروباوەڕەکانی (فارابی و ارسطو و افلاطون) نزیکە.( Groff 2020, Voluma 70, No:3, p.699-710).

لە ڕووی سیاسەتەوە "ابن باجە"، لەسەر سیاسەتی شارەکەی نوسیووە، کە بەواتا سەرەکییەکی بریتیە لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. لەم بوارەشدا جەختی لەسەر کۆکردنەوەی سامان کردۆتەوە و هەموو بابەتەکانی بەڕێوەبردن لەشارەکەدا لەسەر پێکهاتەیماڵی بچوک کۆکردۆتەوە، بەمەش ئەو ماڵەی کەدادەمەزرێنێت بەشێکی بچوکە لەشار و دەوڵەتەکە. (١٩٩٤، ص-ص٧-٨). بەڵام لەسەرڕووی هەموو ئەمانەش "ابن باجە"، هەموو فەرمانکردن و بەڕێوەبردنێکی بۆ خوای گەورە گەڕاندۆتەوە. (١٩٩١، ص٣٧). لەگەڵ ئەوەشدا "ابن باجە"، توانای مرۆڤی لەدەسەڵاتی ئیدارەکردنی دەوڵەت دەرنەکردووە، بەڵکو کردەوەکانی مرۆڤ گوزارشتە لەئیدارەکردنی شار (دەوڵەت)، بەبڕوای ناوبراویش ئەم پێوەرە مانایەکی فراوانتری لەسیاسەت هەیە، لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی زیرەکە بۆیە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی پێدراوە. (ابن باجە: ١٩٩١، ص-ص٣٧-٣٨؛ İlerigelen 2022, s.71.).

**پوختەی ئەرکەکانی دەوڵەت لەدیدی (ابن باجە):**

١- بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی تەواوی دوونیا بۆخودای گەورە دەگەڕێتەوە.

٢- سەرۆک و دەوڵەتەکان بۆسەر دووبەش دابەشدەبن، (دەوڵەتی تەواوکامل ، دەوڵەتی ناتەواو)، بەم پێیەش سەرۆکی دەوڵەت تەواو دەبێ کەسێکی بەتوانا و باش بێت بەپێچەوانەوە سەرۆکی دەوڵەتی ناتەواو توانای بەڕێوەبردنی نیە و کەسێکی باش و گونجاو نیە.

٣- دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆخەڵکانی شار دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، بێگومان ئەوەش بەبوونی دادپەروەری و یەکسانی و پاراستنی ئەمن و ئاسایش وەدی دێت.

٤- پێویستە هەوڵبدرێت کۆمەڵگا لە ڕووی زانست و فەلسەفەوە بەرەو پێش ببردرێت، ئەوەش لەڕێگەی پەروەردەکردنی جوان و باشەوە دەبێت. وەک دەزانین پەروەردەش گرنگترین بەشی دەوڵەتدارییە.

٥- دەبێت فەلسەفە ببێتە بەشێک لەدەسەڵاتی دەوڵەتداری، سەرۆک دەبیت شارەزایی تەواوی لەفەلسەفە هەبێت، چونکە بەبێ فەلسەفە ناتوانێ دەسەڵاتی دەوڵەت بەڕێوەببات. (بۆزیاتر زانیاری بگەڕێو بۆ پەرتووکی: ابن باجە: ١٩٩٤، ص-ص٧-٨).

**٦-١١- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەلای "عبدالرحمن الشیزری" (م:٥٩٠ک/١١١٥ز):**

یەکێکە لەزانا و قازی و ئەدیب و پزیشک و شەرعناس، لەساڵی (٥٩٠ک-١١١٥ز) کۆچی دوایکردووە، لەبواری سیاسەتدا ناوبراو خاوەنی پەرتوکێکی بەناوبانگە بەناوی (المنهج السلوک فی سیاسة الملوک)، کەتیایدا باسی لەسیاسەت و فەلسەفەی سیاسەت و دەوڵەت و دەوڵەتداری کردووە، ناوبراو دەوڵەتی وەک مەملەکەت ناساندووە و دەڵێت:( بنەما و پایەکانی مەملەکەت (دەوڵەت) لەسەر بناغەیەکی گشتی دادەمەزرێت، بەبێ ئەم بناغانە ناتوانێت بوەستێت و بەردەوام بێت، لەبەرئەوەی ئەو بناغانە وەک سەروان بۆجەستە، چۆن جەستە دوای بڕینی سەر ناتوانێت لەژیان بەردەوام بێت، بەهەمانشێوەش دەوڵەت بەبێ ئەم بناغانە ناتوانێ بەردەوام بێت، دەوڵەتیش پێنج بناغەی هەیە، کەبەم هۆیانەوە دەوڵەت بەردەوام دەبێت. ئەگەر یەکێک لەم بناغانە گرفتی تێکەوت و لاوازبێت و لەدەست بچێت، ئەوا دەوڵەتیش لاواز دەبێت و تێکدەچێت و لەناودەچێت). (عبدالرحمن الشیزری: ١٩٨٧، ص١٩٥).

دوای خوێندنەوەمان بۆ بابەتەکان دەتوانین بیروباوەڕی ناوبراو دەربارەی دەوڵەت و ئەرکەکانی بەمشێوەی خوارەوە کورتبکەینەوە:

١- دانانی وەزیر یەکێکە لەپایە و بنەما گرنگەکانی دەوڵەتداری، لە دەوڵەتداری وەزیر پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەتایبەتی لەبەڕێوەبردنی کارەکان و دانانی پلانی باش و باش و چاک بۆبەڕێوەبردنی دەوڵەت.

٢- جیاواز لەزاناکانی تری ئیسلامی "شیزری"، رەعیەت بەیەکێک لەپایە گرنگەکانی دەوڵەتداری دەزانێت و رەعیەتیشی بۆسەر چەند بەشێک دابەشکردووە، داوای لەسەرۆکی دەوڵەتەکانیش کردووە ئەو کەسانەی لەرەعیەتەکەی ژێردەستیدا بۆبەرژەوەندییەکانیان لەدەسەڵات نزیک دەبنەوە ئەوا پێویستە زوو بیانناسێتەوە. یاسای تایبەتیان بەرانبەر بگرێتەبەرتاوەکو نەبنە مایەی لاوازی بۆ وڵات.

٣- بنەمای هێز لەبواری دەوڵەتداریدا لەلای "شیزری"، تەواو جیاواز باسی لێوەکراوە، لەلای "شیزری"، مەبەست لەهێز بریتیە لەهێز و کەسایەتی پاشا لەبواری ئیدارەدانی دەوڵەت، کەدەبێ خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و ئارامگربێت.

٤- رێکخستنی دارایی دەوڵەت و هەوڵدان بۆگرێدانی بنەما جیاوازەکانی ئابووری لە دەوڵەتدا بەیەکێک لەبیروباوەڕە جیاوازەکانی "شیزری" دەربارەی پایەکانی دەوڵەتداری دادەنرێت، لەپاڵ ئەوەشدا ناوبراو هەموو بنەماکانی دەوڵەتداری وەک داوی جالجاڵۆکە دەبینی؛ کەلەگەڵ لاواز بوونی هەرتەلێکی یاخود پچڕانی هەرتەلێکی ئەوا تەواوی بەشەکانی تری لاواز دەبێت و لەکۆتایدا دەپچڕێت. هەربۆیە لەتەک رێکخستنی ئابووری "شیزری"، جەختی لەسەر لایەنەکانی هێزی سەربازی و پەروەردە کردۆتەوە و بەئەرکانێکی گرنگی دەوڵەتداری زانیوە. (عبدالرحمن الشيزري: ١٩٨٧، ص-ص٢٢٥-٢٤٥).

**٦-١٢- دەوڵەت و ئەرکەکانی لەلای "ناصرالدين الطوسى" (م:٦٧٢ک/١٢٧٢ز):**

یەکێکە لەبیرمەندە بەناوبانگەکانی مێژووی ئیسلامی، شارەزاییەکی تەواوی لەزانستەکانی عەقلی و بیرکاریدا هەبووە، خاوەنی چەندین پەرتووکە لەبواری هزری سیاسیشدا خاوەنی پەرتووکێکی بەناوبانگە بەناوی (اخلاق ناصرى). هەروەها لەشاری بەغداد کۆچی دوایکردووە. (الزركلي: ٢٠٠٢، ج٧، ص-ص٣٠-٣١؛ Taşan: 2001, Valume:1)

سەبارەت بەدەوڵەت و دەوڵەتداری و ئەرکەکانی دەوڵەت لەدیدی "الطوسى"، دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە کۆیبکەینەوە:

١- دابینکردنی بەختەوەری و خۆشگوزەرنی : یەکێک لە بنەماکانی گەیشتن بە شاری فەزیلەتدار پێویستە سەرۆکی وڵات هەوڵبدات بۆئەوەی بگەن بەبەختەوەری، کەواتە ئەرکی سەرەکی دەوڵەتداری بریتیە لە هەوڵدان بۆگەیشتن بەبەختەوەری گەیاندنی رەعیەتەکەی ژێردەستی بەخۆشگوزەرانی (٢٠٠٨ ص٣٦٢).

٢- دادپەروەری: ئەرکی دەوڵەت لە دەوڵەتداریدا بریتیە لە چاودێریکردنی رەعیەتەکەی ژێردەستی خۆی و پاراستنی یاساکانی دادپەروەری مسۆگەر بکات. لەبەرئەوەی بناغەی دەوڵەت و دەوڵەتداری دادپەروەرییە. مەرجە سەرەکی دادپەروەری لەدوای رەچاوکردنی یەکسانی چینەکان و رێکخستنی پلەکان دێت. لەدابەشکردنی کاڵاکان بەیەکسانی و لەنێوانیاندا. هەروەها لەدابەشکردنی سەلامەتی و کەرامەت دەبێ یەکسان و دادپەروەربێت. چونکە هەر تاکێک لەم کاڵایانەدا پشکی خۆی هەیە، تیادا زیادەڕەوی لەبەخشین یاخود کەمی دەبێتە هۆی دروستبوونی نادادپەروەری. (٢٠٠٨، ص-ص٣٦٣-٣٦٥).

٣- "الطوسى"، لەبواری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بەپێویستی دەزانێ پلەبەندنی لەنێوان بەشەکانی کۆمەڵگادا بکرێت، لەبەرئەوەی لەلای ناوبراو کۆمەڵگا چوار تەبەقە (چین)ی جیاوازی هەیە و لەسەر سەرۆکی دەوڵەت پێویستە هەرتەبەقەیەک بۆ کاری خۆی بەکاربهێنێت.

یەکەم/ ئەهلی قەڵەم: وەک لیهاتووەکانی زانست و فێرکەران، فوقەهاکان و دادوەران، ژمێریار و ئەندازیار و ئەستێرەناسی، پزیشکی و شاعیر. کەبەبوونی ئەمانە جیهان بەردەوام دەبێت. ئەمانە لەسروشتدا وەک ئاو وان.

دووەم/ ئەهلی شمشێر: وەک شەڕکەران، موجاهیدەکان، خۆبەخشەکان، پاسەوانی سنوور و پارێزەرانی دەوڵەت و یاریدەدەرانی پاشا، کەبەبوونیان سیستەمی جیهان جێگیر دەبێت و لەسروشتدا ئەوانە وەک ئاگر وان. (٢٠٠٨ ص ٣٦٣).

سێیەم/ خەڵکانی گشتی (بازارکاران): وەک بازرگانەکان کە کالاکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازنەوە، پیشەوەران و پیشەسازان و باجگرەکانیش دەگرێتەوە، بەبێ بوونی ئەم چینە مەحاڵە ژیان بەردەوام بێت، لەبەرئەوە لەسروشتدا وەک هەوا وان.

چوارەم/ ئەهلی (المزارعة)، کشتوکاڵ: وەک جوتیارەکان و خاوەن زەوییەکان، کە رزق و رۆزی هەموو گرووپەکانی دیکە دابیندەکەن بەبێ هەبوونی هاوکاری ئەوان مەحاڵە تاکەکان لەژیان بەردەوام بن، کەلەسروشتدا ئەوان لەهەمان ئاستی زەویدان. (٢٠٠٨ ص-ص٣٦٢-٣٦٣).

لەتێڕوانینمان بۆ ووتەکانی ناوبراو بۆمان ڕووندەبێتەوە دەوڵەتداری لەسەر ئەم چوار پایەی خەڵکەکەی دامەزراوە. هەریەکە لەم پایانە بوونیان نەبێت ئەوا ژیان لەم دەوڵەتەدا بەردەوام نابێت، ئەهلی قەلەم بنچینەی فێرکردن و پەروەردە و زانستی ولاتیان لەئەستۆیاندایە. ئەوان کەسانی بەتوانا و زیرەکن و پلەیەکی بەرزی کۆمەڵگان و دەوڵەتداری بەبێ زانست هیچ کەڵکی نابێ.

ئەهلی شەڕکەریش پاسەوانی لەهەموو ئەهلەکانی تری کۆمەڵگاکە دەکەن، ئەوان نەبن زانست و بازرگانی و کشتوکاڵ بوونیان نابیت و پارێزراو نابن، بازرگانانیش وەک لەم ووتەیەدا بەدیاردەکەوێ زیاتر وەک گواستنەوەی شارستانیەتەکان و ئاڵووگۆڕی پێشکەوتنەکان لەنێوان ولاتان دەبینرێت. هەرچی ئەهلی چوارەمە کە جوتیارەکانن لەلای "الطوسی"، لەهەموو چینەکانی تر گرنگترن، بەڵام لەرۆژگاری ئێستاماندا بەغافلترین و کالفامترین گرووپی کۆمەڵگا سەیردەکرێن و گرنگی ئەوتۆیان پێنادرێت. بەڵام ئەوەی لەلای "الطوسی" تێبینی دەکرێت بەبێ بوونی ئەوان هەموو گرووپەکانی تر ناتوانن هیچ کارێک بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم باوەرەی ئەو دەریدەخات دەوڵەت نابێ لەبەرێوەبردندا پشت لەئەهلی جوتیاران بکەن، چونکە فەزیلەتی جوتیاران لە دەوڵەتدا بەسەر هەموو فەزیلەتەکانی تردا زیاترە (الطوسی: ٢٠٠٨، ص٣٦٨-٣٦٩).

٤- پێگەی سەربازی لە دەوڵەتدا: "طوسی"، لەبەڕێوەبردنی سوپادا پێویستە کەسانێک هەڵبژێردرێن کە سێ سیفاتیان هەبێت:

یەکەم/ کەسێکی ئازا و دڵ بەهێز بێت و بەسیفەتی ئازایەتی ناسرابێت.

دووەم/ کەسێک بێت خاوەنی حوکمێکی دروست بێت و پلاندانانی تەواو و توانای بەکارهێنانی ئەتەکێت و فریودانی جۆراوجۆری هەبێت.

سێیەم/ کەسێک بێت شەڕی بینیبێت و ئەزمووی تیایدا هەبێت.

لەکاتی شەڕکردنیشدا سەرۆک دەبێ تەواو وریا بێت لەبەکارهێنانی سیخور و چاودێری بازرگانەکانیش بکرێت. (الطوسی: ٢٠٠٨، ص٣٦٩؛ Bülte: 2023, s.s.80-82.).

**٧- ئەنجامەکان**

لە ئەنجامی خوێندنەوە و شیکردنەوەمان بۆ سەرچاوە رەسەنەکان و توێژینەوە و سەرچاوە نوێیەکانی تایبەت بە دەوڵەت و دەوڵەتداری لە ئیسلامدا بەم چەند ئەنجامەی خوارەوە گەیشتین:

١-هەموو زاناکانی ئیسلامی بە دارێژیی سێ سەدەی جیاواز گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر بیروباوەڕەکانیان نەهاتووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایەی کە زاناکانی بیروباوەڕەکانی خۆیان لەسەر بنەمایەکی ئایینی دامەزراندووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بیروباوەڕەکانیان لەیەکەوە نزیک بن.

٢-یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوە بریتییە لەوەی کە "فارابی" و "ابن باجە" لە رووی بیروباوەڕەوە لە یەکتر نزیکن، چونکە هەردووکیان لە باسی دەوڵەتدا، باسییان لەدەوڵەتی ئادیاڵ (فاضلة) کردووە، کە بنەماکانی ئەو دەوڵەت لە خەیاڵ نزیکترن لەوەی کە لە ژیانی راستەقینەدا بوونیان هەبێ.

٣-لەئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا بۆمان بەدیاردەکەوێت، هەموو ئەو زانایانەی باسیان لە دەوڵەت کردووە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت لەلای ئەوان بریتییە لە پارێزگاریکردن لە ئەمن و ئاسایشی ناوەخۆی و پاراستنی ولات لەدەستی دووژمنانی دەرەکی.

٤- دادپەروەری و یەکسانی یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت لەدیدی زاناکانی ئیسلامیدا و ئامانجیش لێی دەستخستنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتووە، هەروەها مەبەست لێی بریتیە لە دابەشکردنی سەروەت و سامان بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە، ئەمە جگە لە جیاوازی نەکردن لەنێوان خەڵکانی دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتەکان لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکان.

٥-هەموو زاناکان لەسەر ئەو بروایەن پێویستە دەسەڵات بە کەسانی شیاو بدرێت، ئەوەش بەئەرکێکی سەرەکی دادەنرێت، هەروەها بەهیچ شێوەیەک رێگە پێداروا نیە دەسەڵات بەکەسێکی کەم توانا بدرێت یاخود خودی خۆی داوای پۆست و دەسەڵات بکات.

## ٨- لیستی سەرچاوەکان

٨-١- سەرچاوە رەسەنەکان بەزمانی عەرەبی


– ابن باجه، أَبُو بَكْرْ مُحَمَّدْ بِنْ يَحْيَى بْنْ اَلصَّائِغْ (م:٥٣٣ك/١١٣٨ز): (١٩٩٤)، تدبير المتوحيد، سراس للنشر، تونس.

– ابن باجه: (١٩٩١)، رسائل ابن باجه الالهيه، تحقيق: ماجد فخر، ط٢، دار النهار للنشر، بيروت.

– ابن خلدون: (٢٠٠٤)، مقدمة ابن خلدون، تحقيق: عبدالله محمد درويش، دار يعرب، دمشق.

– ابن خلكان، أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر بن خلكان الشافعي(م:٦٨١/١٢٨٢ز): (١٩٧٦)، وفيات الاعيان وأنباء الزمان، حققه: احسان عباس، دارصادر، بيروت.

– الجوهری، أبو نصر إسماعيل بن حماد(م: ٣٩٣ك/ ٩٠٦ز): (٢٠٠٩)، الصحاح، راجعه و تحقيق: محمد محمد تامر و أنس محمد الشامی و زكريا جابر احمد، دارالحديث، القاهرة.

– الحموی، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي (م: ٦٢٦ك/ ١٢٢٧ز): (١٩٩٣)، معجم البلدان، تحقيق: إحسان عباس، دار الغرب الإسلامي، بيروت.

– الذهبی، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز(م:٧٤٨/١٣٤٨): (٢٠٠٣). تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير و الاعلام، تحقيق: بشار عواد معروف، دارالغرب الاسلامی، د.م.

– ابن ابی الربيع: (١٩٨٣)، سلوک المالک فی تدبيرالممالک، تحقيق: ناجی التكريتی، ط٣، دار الاندلس، بيروت.

– الصفدی، خليل بن أيبك بن عبد الله الألبكي الفاري الصفدي الدمشقي الشافعي(م:٧٦٤ك/١٣٦٣ز): (٢٠٠٠)، الوافی بالوفيات: تحقيق: احمد الارناووط، تركی مصطفی، دار احياء التراث العربی، بيروت.

– طبری: (١٩٩٤)، تفسير الطبری جامع البيان عن تأويل أی القران، تحقيق: بشار عواد معروف و عصام فارس الخرستانی، مؤسسة الرسالة، بيروت.

– الطوسی، أبو جعفر محمد بن محمد بن الحسن(م:٦٧٢/١٢٧٤ز): (٢٠٠٨)، أخلاق ناصری، ترجمة: محمد صلدق فضل الله، دار الهادی، بيروت.

– العامری، أبو الحسن محمد بن أبي ذر يوسف(م:٣٨١ك/٩٩٢ز): (١٣٩٨ه)، السعادة والاسعاد فی السيرة الانسانية، تحقيق: حسين قدمی، منشورات أيه اشراف، د.م.

– عبدالرحمن الشيزری، عبد الرحمن بن نصر بن عبد الله، أبو النجيب، جلال الدين العدوي الشيزري الشافع(م:٥٩٠/١٠٩٤ز): (١٩٨٧)، المنهج السلوک فی سياسة الملوک، تحقيق: علی عبدالله الموسی، مكتبة المنار، الاردن.

– عبدالقاهر البغدادی، أبو منصور عبد القاهر بن طاهر بن محمد البغدادي التميمي(م:٤٢٩/١٠٣٧ز): (١٩٣٨)، أصول الدين، مطبعة الدولة، استانبول.

– عبدالله بن المقفع(١٤٢ك/٧٥٩ز): (د.ت)، الادب الصغير و الادب الكبير، دار صادر، بيروت.

– عبدالله بن المقفع، (١٩٨٩)، أثار ابن المقفع، دارالكتب العلمية، بيروت.

– ابو العياس، أحمد بن محمَّد بن عليّ المُقْرِيء (م:٧٤٧ك/ ١٣٦٨ز): (د.ت)،المصباح المتير فی غريب الشرح الكبير، المكتبة العلمية، بيروت.

– الغزالی، أبو حامد محمد الغزالي الطوسي النيسابوري(٥٠٥ك/١١١١ز): (٢٠٠٤)، احياء علوم الدين، تحقيق: محمد محمد تامر، دار الافاق العربية، القاهرة.

– الغزالی: (٢٠٠٩)، الاقتصاد فی الاعتقاد، دار النضائر، مصر.

– الغزالی: (١٩٨٨)، التبر المسبوک فی نصيحة الملوک، دار الكتب العلمية، بيروت.

– الغزالی: (١٩٧٤)، فضائل الانام من رسائل حجة الاسلام، ترجمة: نورالدين ال علی، الدار التونسية، تونس.

– الفارابی، أبو نصر محمد الفارابی(م:٣٣٩/٩٥٠ز): (١٩٩٨)، السياسة المدينة، المطبعة الكاسوليكية، بيروت.

– الفارابی: (١٤٠٥ه)، فصول منتزعة، تحقيق: فوزی متری نجار، ط٣، دار المشرق، بيروت.

- الفيروز ابادی، أبو طاهر مجد الدين محمد بن يعقوب بن محمد بن إبراهيم بن عمر بن أبي بكر بن أحمد بن محمود بن إدريس الشيرازي (م: ٨١٦ك/ ١٤١٥ز): (١٩٨٩)، القاموس المحيط، تحقيق: مكتبة التراث فی مؤسسة الرسالة، ط٦، مؤسسة الرسالة، القاهرة.
- الماوردی، هو أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب البصري (م:٤٥٠/١٠٥٨ز): (١٩٨٩)، الاحكام السلطانية الولايات الدينية، تحقيق: أحمد مبارك البغدادی، مكتبة ابن قتيبة، الكويت.
- الماوردی: (١٩٣٨)، أصول الدين، مطبعة الدولة، استانبول.
- الماوردی: (١٩٩٧)، درر السلوك فی سياسة الملوك، تحقيق: فواد عبدالمنعم احمد، دارالوطن، الرياض.
- مؤلف مجهول: (دت)، أخبار الدولة العباسية وفيه أخبار العباس وولده، تحقيق: عبد العزيز الدوري، عبد الجبار المطلبي، دار الطليعة، بيروت.
- مسكويه، أحمد بن محمد بن يعقوب(م:٤٢١ک/١٠٣٠ز): (د.ت)، ترتيب السعاد:ت، كتابخانه مجلس، تهران.
- مسكويه: (د.ت)، تهذيب الاخلاق و تطهير الاعراق، تحقيق: ابن الخطيب، مكتبة الثقافة الدينية، بيروت.
- مسكويه: (١٣٢٥ه)، الفوز الاصفر، مطبعة السعادة، مصر.
- مسكويه: (د.ت)، الهوامل و الشوامل، تقديم: صلاح ارسلان، الهية العامة لفصور الثقافة، القاهرة.
- ابن المنظور، محمد بن مكرم بن علی، أبو الفضل، جمال الدين(م:٧١١ک/١٣١٣ز): (١٤١١ه)، ليسان العرب، ط٢، دارصادر، بيروت.
- الواقدی: أبو عبد الله محمد بن عمر بن واقد السهمي الأسلمي بالولاء، المدني(٢٠٧ک/٨٢٣ز): (١٩٩٧)، فتوح الشام، دار الكتب العلمية، بيروت.
- نظام الملک، قوام الدين ابو علی الحسن بن علی بن اسحاق بن العباس الطوسي(م:٤٨٥ک/١٠٩٢ز): (٢٠٠٧)، سياست نامه، ترجمة: يوسف بكار، دار المناهل، بيروت.

٨-٢- ژێدەرەکان بەزمانی عەرەبی

- ارسلان، سعادة الامير شكيب: (١٣٧٥هـ)، الدرة التيمية من حكم الكاتب البلخ الاشهر عبدالله بن المقفع، المكتبة السعودية، مصر.
- اضائی، صمد و حريرچی فيروز: (٢٠١٥)، الاتجاه الاصلاحی فی افكار ابن النقفع السياسية، مجلة دراسات فی علوم الانسانية، د.م.
- امام، عبدالفتاح امام: (١٩٩٧)، الطاغية، ط٣، مكتبة مؤمن قريش، القاهرة.
- البارز، داود: (٢٠٠٦)، النظم السياسی الدولة و الحكومة فی ضوء الشريعة الاسلامية، دارالفكر العلمی، بيروت.
- التهری، ملغی بن حسن: (٢٠٠٩)،حقيقة الدارين؛ دارالاسلام، دارالكفر، دارالمرابطين، د.م.
- الحنفی، عبدالمنعم: (د.ت)، الموسوعة الفلسفية، دار ابن زيدون، بيروت.
- راهی، جاسم عبدالواحد: (٢٠١٩)، رسالة الصحابة لأبن المقفع تهداوة فی التفكير والتعبير، مجلة اداب المستنصرية، د.م.
- الزركلی: (٢٠٠٢)، الاعلام، دار العلم الملاين، د.م.
- زيدان، جرجی: (٢٠١٣)، تاريخ اداب اللغة العربية، مؤسسة هنداوی، مصر.
- صمد اضائی و فيروز حريرچی: (٢٠١٥)، الاتجاه الاصلاحی فی افكار ابن النقفع السياسية، مجلة دراسات فی علوم الانسانية، د.م.
- عبدالحميد، محمد سامی: (١٩٧٣)، اصول القانون الدولی العام، د.م.
- عبدالهادی، ماهر: ، (د.ت)، السلطة السياسية فی النظرية الدولة، ط٢، دارانهضة العربية، القاهرة
- العرينی، السيد بارز واخرون: (د.ت)، المجتمع العربی، بيروت.
- عطية، احمد عبدالحليم: (١٩٩١)، الفكر السياسی و الاخلاقی عند العامری، دارالثقافة، بيروت.
- علی، محمد كرد: (٢٠١٧)، أمراء البيان، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.
- علی، هيفا عبدالله: (١٩٨٠)، الوزير السلجوقی نظام الملک، رسالة الماجستر، جامعة الملک العزيز، السعوديه.
- الغامدی، محمد سعيد ناجی: (د.ت)، الوزير السلجوقی فی نظام الملک تحليل فكره و نظافة الاقتصادی و مقارنتها ئالواقع المعاصر، مجلة مركز صالع عبدالله كامل، جامعة الازهر، مصر.
- كريم، طيبة أياد: (٢٠٢٢)، ابن المقفع أثره فی النثر العربی، جامعة بابل، بابل.
- مهاجرين، محسن: (٢٠٠٤)، الفكر السياسی لمسكويه الرازی، ترجمة: حميد حب الله، مطبعة القدر، بيروت.
- النعيمی، مهارات القيادة الناجحة واداره الفرق فی القرآن الكريم، مجلة زانكۆ للعلوم الانسانيه، (اربيل:٢٠٢٥) العدد٢٩(٣)، https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/article/view/3849
- النبهان محمد فاروق: (١٩٨٩)، مفهوم العلم عند الامام الغزالی، مجله الدارة، د.م.
- ابو هيق، علی صادق: (١٩٥١)، القانون الدولی العام، منشاة المعارف، د.م.
- الوعر ميلود محمد مولود: (٢٠٢٣)، السياسة والعدل اساس الحكم فی الدولة عند ابی حامد الغزالی، الجمعية الليبية لعلوم التربية، د.م.
- منجود مصطفی محمود و الاخرون: (١٩٩٦)الدولة الاسلأمية وحدة العلاقات الخارجيه فی الاسلام، المعهد العالمی للفكر الاسلامی، فرجنيا.

٨-٣- سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

- عبدالله ابن المقفع: (٢٠١٩)، کەلیلە و دیمنە، وەرگێڕانی: مەودوود جەبار، ناوەندی رۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.

– فارابی: (٢٠١٩)، شاری فازیلە، وەرگێڕانی: مەریوان عەبدول، کتێبخانەی رەهەند، سلێمانی.
– کاریتانی، ادریس کەریم: (٢٠٢٣)، رۆڵی زانایانی ئایینی لەپێگەیاندنی سەرکردەی سیاسی؛ نیزام پادشا- ئاق شەمسەدین بەنموونە، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

٨-٤- سەرچاوەکان بەزمانی تورکی:

– Akpınar Fuad ve Kamil Ahmet: (2022), Ebul Hasan El-Amiride İdeal Devlet Tasavvuru, Bilimname Dergisi.
– Akpınar, Fuad: (2023), Amirinin Siyaset Feldefesi, Doktora Tezi, Erciyes Üniversitesi, Kayseri.
– Arslan, Eman: (2019), Gazalinin Devlet ve Yönetim Anlayışının Günümüz Yönetim Süreçlerine Yansımaları, Yüksek Lisan Tezi, Gazı Üniversitesi, Ankara.
– Boydilek, Merve: (2023), İslam Eğitim Felsefesi ve Gazalinin Eğitim Anlayışı, Yüksek Lisans Tezi, Iğdir Üniversitesi, Iğdir.
– Bülte, Hasan: (2023), Nasireddin Tüsi’de Devlet Yönetimi ve Tebaa, Yüksek Lisans Tezi, Yüzüncü Yıl Üniversitesi, Van.
– Canalp, Ahmet: (2023), Büyük Selcuklu Veziri Nizamül-mülük Devlet Yönetimdeki Rölü, Yüksek Lisans Tezi, Sivas Üniversitesi, Sivas.
– Çeli, Bülent: (2006), Gazalinin Eğitim Görüşü, Yüksek Lisans Tezi, Dokuz Eylül Üniverisitesi, İzmir.
– Davudoğlu Ahmet: (1994), Devlet, Türkiye Diyanet Vakfi, İslam Ansiklopedesi, İstanbul.
– Günay Ü. : (1988), Gazalinin Devlet Toplum Görüşü: Ebü Hamid Mehmmed –Gazali, Erciyes Üniversitesi, Kayseri.
– İlerigelen, Nur Banu: (2022), Farabi ve İbn Baccanin Görüşlerinin Karşılaştırılması, Yüksek Lisans Tezi, Eskişehir Osmangazi Üniversitesi, Eskişehir.
– İşler, Abdullah Huzeyfe: (2023), İbnül Mukaffa ve Maverdinin Siyasal Düşüncesinde Meşruiyet, Yüksesk Lisans Tezi, Hatay Mustafa Kamal Üniversitesi, Hatay.
– Karadeniz, Yeliz: (2022), İsalm Düşünce Tarikinda Yönetim Anlayışı İbnül Mukaffa Öğrneği, ,Politike Araştırma Dergisi.
– Koyan, Sümeyra: (2024), Ebul-hasan El-Amiride Mutlulu, Yüksek Lisans Tezi, Necmeddin Erbakan Üniversitesi, Konya.
– Marshall Gordon:(1999) Sosyoloji Sözlüğü, Çeviren: Osaman Okanhay ve Derya Kömürcü, Bilim ve Sanat yayınları, Ankara.
– Taşan, A. Vahap: (2001). Nasireddin Tusi Hayatı, Esesrleri, Din ve Toplum Görüşü, Erciyes Unıversity Social Sciens Institute Journal.
– Tuncer, Mahir: (2003), Aristoteles ve Nizamü'l-Mülk'te devlet felsefesi, Yüksek Lisans, Fırat Üniversitesi, Elazığ.
– TURAN, Ramazan: (2017), x ve xı. yüzyılda islam felsefesinde yapılan adâlet taksimleri: fārābī, ebū’lhasan el-āmirī, ibn miskeveyh ve rāğıp el-isfehānī örneği, Namık Kemal Üniversitesi İlahiyat Fakültesi Dergisi.
– YEŞİL, ABDULLAH: (1996), Doğu ve batı yönetim bilimi düşüncesinin öncüleri Machiavelli ve Nizamü`l-Mülk örneği, Yüksek Lisans, Marmara Üniversitesi, İstanbul
– Ömer, Leyla:(2018), Farabi’nin Devlet Felsefesiyle Ziya Gökalp’in Devlet Felsefesinin Karşılaştırılması, Iğdır Üniversitesi, Yüksek Lisans Tezi, Iğdır,
– Aktıntop, Ceyda: (2016), Ebu Nasr El-Earabi’nin İdeal Devlet Anlayışı, Akademia Sosyal Bilimler Dergisi.

٨-٥- سەرچاوە رەسەنەکان بەزمانی تورکی:

– Amiri: (2013), Kitabül-Emad alel-ebad, Çeviren: Yakup Kara, İstanbul Türküye Yazma Eserler Kurumu Başkınlığı Yayıları.
– Amiri: (2017), el-Fusul fi Mealimi- İlahiyye, Çeviren: M. Cünet Kaya, İstanbul Klasık Yayınlerı.

٨-٦- سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی:

– Groff, Peter S.: (2020), The of Solitude in the Political Philosophies of İbn Bajja and Nietzche; Philosophy East and West.
– Stalineol L.: Marxısme Layustion natieneled, paris, 1953.

٩- پەراوێزەکان

Ecumene[(١)] : زاراوەیەکی یۆنانییە و بەواتای نیشتەجێبوون دێت، لەزانستی جوگرافیای سەردەمدا ئەم زاراوەیە بۆ ئەو بەشە بەکاردێت کە بەردەوام ئاوەدان بووە و دانیشتوانی هەبووە. بڕوانە:
Gerald R. Pitzl: Encyclopedia of Human Geography, USA, 2004, p.85.

[٢] ابن المقفع: یەکێکە لەنوسەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی عەباسی و لەدیوانی دەوڵەتدا کاریکردووە، لەبنەڕەتدا خۆی لەسەر ئاینی مەجوسی بووە، دواتر لەسەردەستی "عیسی بن علی"(م:١٦٤ک/٧٨٢ز) و "ابوجعفرالمنصور"، مسوڵمان بووە، ناوبراو یەکەم کەس بووە لەمێژووی ئیسلامی زانستەکانی هیندی و وڵاتانی فارسی هێناوەتە نێو عەرەبەکان و گرنگی زۆریشی بەزانستی ڕەوشت و سیاسەت و کۆمەڵایەتی داوە. (بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالله بن المقفع: د.ت، ص٥؛ الذهبی: ٢٠٠٣، ج٢٣، ص٩١٠؛ کریم: ٢٠٢٢، ص٦).

[3] أبی الحسن العامری: لەبنەچەدا خەڵکی "أصبهان"ە، بەڵام لە "نیسابور" نیشتەجێبووە، یەکێک بووە لە زانا بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی و لە تەمەنی هەشتاو شەش ساڵی و لە ساڵی (٣٨١ک/ ٩٩٢ز) کۆچی دوایی کردووە (الحموی: ١٩٩٣، ج١، ص٢٣٣).

[٤] عبدالقاهیر البغداد: ناوی تەواو بریتییە لە " عبد القاهر بن طاهر بن محمد بن عبد الله البغدادي التميمي الأسفراييني" لەشاری "بغداد" لەدایکبووە و یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی ئیسلامی، ناوبراو داویی ئەنجامدانی چەندین گەشت لە ساڵی (٤٢٩ک/ ١٠٣٧ز) کۆچی دوایی کردووە(الزرکلی:٢٠٠٢، ج٤، ص٤٨).

(٥) غەنیمەت: ئەو ماڵ و سامانەیە کە لە جەنگەکاندا دەستی بە سەر دادەگیرا و بەسەر سەربازەکاندا دابەش دەکرا(ابن المنظور: ١٤١٤هـ ج١٢، ص٤٤).

(٦) ئەهلی زیمە(أهل الذيمة): خۆی لە خۆیدا بەواتای پەیمان و ئاشتی و گرەنتی دێت، کە ئاماژەیەکی سەرەکییە بۆ پەیمان و گرێبەست، ئەو کەسەشی پەیمانی لەگەڵدا دەبەسترێت بەناوی زیمە "الذمة"، دەناسرێت، وەک دەگوترێت فلان کەس گەرەنتی منە لە زیمەتی مندایە(ابو العیاس: د.ت، ج١، ص٢١٥-٢١٦).

**مبادئ وواجبات الدولة في نظر علماء الإسلام بين القرون (٤-٧هـ/١٠-١٣ م)**

**محمد تحسين حسين**
قسم التاريخ ،كلية اداب،جامعة صلاح الدين– أربيل، أقليم كوردستان،العراق
muhammed.hussein@su.edu.krd
**اكو برهان محمد**
قسم التاريخ ،كلية اداب،جامعة صلاح الدين– أربيل، أقليم كوردستان،العراق
ako.muhamad1@su.edu.krd

**الملخص**

من القرن الرابع إلى القرن السابع الهجري (القرون العاشر إلى الثالث عشر الميلادي)، أكد علماء الإسلام أن المبدأ الأساسي للدولة هو تحقيق العدل، وتطبيق الشريعة الإسلامية، وخدمة المصلحة العامة للمسلمين. وتشمل واجبات الدولة، في نظر المفكرين المسلمين خلال هذه الفترة، حماية الدين، وفرض الحدود والقصاصات، وجمع الزكاة وتوزيعها، والحفاظ على الأمن، وتنظيم القضاء، وتوفير الخدمات الأساسية كالتعليم والمساعدة. ويستند هذا إلى مبدأ التشاور، إذ يرى المفكرون المسلمون أن الدولة الإسلامية تجسد حاجة قانونية ومدنية لحماية الدين والحياة المدنية على حد سواء.

ومن وجهة نظر المفكرين المسلمين، فإن المبادئ الأساسية للدولة هي العدل والمساواة، وهما أساس الحكم في الدولة الإسلامية، مع نبذ الظلم والفساد، وضمان تطبيق الحقوق للجميع. وإلى جانب بناء جسور التعاون مع الآخرين، ونبذ القبلية، وحماية كرامة الإنسان، فإن الدولة مسؤولة أيضاً عن نشر العلم، وتثقيف الناس، وإقامة الشعائر الدينية، في هذه المرحلة، لم تكن الدولة مجرد كيان سياسي، بل كانت ضرورة دينية ومدنية تهدف إلى ضمان إقامة الدين، وتنظيم شؤون الأمة، وتجسيد قيم العدل والتشاور، وتوفير التعليم وسبل العيش. ولذلك، أولى المفكرون السياسيون الإسلاميون اهتمامًا بالغًا بالدولة وواجباتها خلال تلك الفترة. يهدف هذا البحث بشكل أساسي إلى بيان كيفية إدارة الدولة من قِبل علماء الدين الإسلامي، وأساليب إدارتها. كما يهدف إلى تسليط الضوء على واجبات الدولة تجاه المجتمع ورعاياه.

**الكلمات المفتاحية:** الدولة، أدارة الدولة، سياسة، الأسلام، إدارة

**Principles and Duties of the State in the View of Islamic Scholars Between the Centuries (4-7 AH/10-13 AD)**

**Muhammed Tahssen Hussein**
Department of History, College of Art, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
muhammed.hussei@su.edu.krd
**Ako Burham Muhammed**
Department of History, College of Art, Salahaddin University-Erbil, Region, Iraq
ako.muhamad1@su.edu.krd

**Abstract**

From the fourth to the seventh centuries AH (10th-13th centuries CE), Islamic scholars emphasized that the basic principle of the state was to achieve justice, enforce Sharia law, and serve the public interest of Muslims. The duties of the state among Islamic thinkers during this period include: protecting the religion, enforcing certain punishments (al-hudud and al-qisas), collecting and distributing zakat, maintaining security, organizing the judiciary, and providing basic services such as education and assistance. This is based on the principle of consultation. Because, according to Muslim thinkers, the Islamic state embodied a legal and civil need to protect both religion and secular life.

For Islamic thinkers, the basic principles of the state are justice and equality, which is the basis of governance in the Islamic state, rejecting injustice and corruption, ensuring the implementation of rights for all. In addition to building bridges of cooperation with others, rejecting tribalism and protecting human dignity, the state is also responsible for spreading knowledge, educating people and observing religious duties.

At this stage, the state was not only a political entity, but also a religious and civil necessity aimed at ensuring the establishment of religion, organizing the life of the nation, embodying the values of justice and consultation, and providing education and livelihood. This is why Islamic political thinkers paid attention to the state and its duties during this period. The main purpose of this study is to show how the state is run by Islamic scholars and the methods of state administration. The purpose of this study is also to highlight the duties of the state towards society and its subjects.

**Keywords:** State, The duties, Judiciary, Islam, Education.